# ناونیشانی توێژینەوە: "درکپێکردن بە گۆڕانە دەنگییەکان لە زمانە ئێرانییە نوێیەکاندا" (کوردیی و فارسیی بەنموونە)

(PP 220 - 252)

تانیا ئیسماعیل حەمەئەمین
Tanya.hamamin@uoh.edu.iq
07502303959
زانکۆی هەڵەبجە

نالی ئەدهەم غەریب
nali.gharib@uoh.edu.iq
07501721561
زانکۆی هەڵەبجە

کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، بەشی کوردیی

بڵاوکردنەوە : 2020/10/29
DOI: https://doi.org/10.31972/jickpll19.15

## پوختە

زمانەکان ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخ و سەردەمەن، کە تێیدا بەکاردەهێنرێن. سەردەمەکانیش جیاواز و هەمەجۆرن، هەربۆیە زمانەکانیش لە سەردەمە جیاوازەکاندا بەچەندین شێوە و فۆرمی جیاواز لەیەک دەرکەوتوون. لەکۆندا زمانەکان وەکو ئێستا نەبوون، گۆڕان دیارترین و سەرەکیترین هۆکارە بۆ جیاوازییکردن لەنێوان سەردەمە زمانییەکاندا، کە بەشێوەیەکی فراوان و گشتگیر تەواوی بوار و لایەنە زمانییەکانی گرتووەتەوە. چەندین بەڵگە و نموونەی ئێستایی و مێژوویی لە تەواوی ئاستە زمانییەکاندا بەردەستن، کە سەلمێنەری گۆڕانە زمانییەکانن. بۆنموونە گۆڕانەکان لاتینیان دابەشی تەواوی ئەو زمانانەی ئێستای ئەوروپا کردووە. بەهەمانشێوە هەر گۆڕانەکان بوون، کە ئەو زمان و شێوە زمان و زارانەیان لە سانسکریتیی و زمانە ئارییەکان دروستکردووە. تەواوی ئەو قوتابخانە و تیۆرییە زمانەوانییانەی، کە لە مێژوی زانستی زمان و ئێستاشدا هەن بەگشتیی و لەڕوانگەی هێڵە گشتییەکانی قوتابخانە و سەرنجە زمانەوانییەکانەوە شرۆڤەیان بۆ گۆڕان بەگشتیی و دیاردە دەنگییەکان بەتایبەتیی کردووە. لەمڕوانگانەوە ئەو هۆکار و گۆڕانە دەنگیانەی، کە وایانکردووە زمانێک لە زمانێکی دیکە، زمان لە زارێک یان زارێک لە زارێکی دیکە...هتد جیابکرێنەوە، هەستکردن و درکپێکردنی قسەپێکەرانی هەرکام لەو زمان و زار و شێوەزارانەیە بەو گۆڕانانەی "لێرەدا زیاتر سەرنج لەسەر گۆڕانە دەنگییەکانە"، کە بەسەر ئەو شێوازە جیاوازانەی بەکارهێنانە زمانییەکاندا هاتوون، هەر ئەم گۆڕانانەش جیاوازیی دەخەنە نێوان زمانەکان و سەردەمەکانیشیانەوە. بۆنموونە گۆڕانی هەرکام لە دەنگەکانی وەک: (ب، و، ف، ڤ) بەیەکتر لەنێوان زمانەکانی (کوردیی، فارسیی)دا، وەک لە وشەکانی (آب، ئاو، ئاڤ)دا دەبینرێت، کە بەهەمانشێوە گۆڕانە دەنگییەکان لەنێوان زارەکانی ئەو زمانانەشدا هەن، بۆنموونە زارەکانی زمانی کوردیی. لەم توێژینەوەیەدا گۆڕانی دەنگیی وشە هاوبەشەکانی هەردوو زمانی کوردیی و فارسیی دەستنیشاندەکرێت، بۆ دیاریکردنی ئەم گۆڕانانەش دەبێت بزانرێت ئەو وشانە لە قۆناغەکانی پێشتری زمانە ئێرانییەکاندا چۆنبوون.

زمانە ئێرانییەکان یەک خێزان پێکدەهێنن، کە لەیەک ڕەگ و ڕیشەی هاوبەش جیابوونەتەوە. بوونی وشەی هاوبەش و نزیکیی پێکهاتە ڕێزمانییەکانی ئەم زمانانە، خزمایەتیی ڕەگەزیی و نەژادییان دەردەخات. زمانە ئێرانییەکان لقێکن لە گروپی (زمانە هیندۆ-ئێرانیەکان)، کە ئەوانیش سەر بە بنەماڵەی (زمانە هیندۆ-ئەوروپاییەکانن). زمانەکانی کوردیی و فارسیی، لە زمانە ئێرانییە نوێیەکانن. زمانی کوردیی سەر بە لقی ڕۆژئاوایە، زمانی فارسیش سەر بە لقی باشوری ڕۆژئاوایە(ڕۆژئاوای ئێرانی کۆن). زمانە ئێرانییەکان بەچەند سەردەم و بارودۆخێکی جیاوازدا ڕۆیشتوون، جیاوازیی نێوان ئەو سەردەمانەش بە سێ قۆناغ دیاریکراوە: (قۆناغی کۆن، قۆناغی ناوەڕاست، قۆناغی نوێ). لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت دەربارەی یەکێک لە دیاردە زمانییەکان (گۆڕانی دەنگیی) لە زمانە ئێرانییە نوێکاندا (کوردیی، فارسیی) بڕوانرێت. بەوردیی و دیاریکراویی گۆڕان و هۆکارەکانیان و چۆنییەتیی درکپێکردنی قسەکەران بەو گۆڕانانە دەستنیشانبکات. وشە کۆنەکان لە سەرچاوە و فەرهەنگە جۆربەجۆرەکانەوە وەرگیراون و بەراورد کراون بە هەمان فۆڕم یان ناوەڕۆکی وشەکان لە ئێستادا و لە لایەن توێژەرانەوە لە شێوازی قسەپێکەرانی ئێستای سەر بە زمانەکانی کوردیی و فارسییەوە وەرگیراون و ئەو گۆڕانانە دەستنیشانکراون، کە بەسەر پێکهاتەی دەنگەکانی وشە و یەکەکاندا هاتوون. ئەو وشانەی، کە وەرگیراون، زیاتر وشە هاوبەشەکانی نێوان کوردیی و فارسیی وەرگیراو.

لەپێناو سەرنجێکی ورد و شرۆڤەیەکی زانستیانەدا، توێژینەوەکە جگە لە پوختە بەزمانەکانی کوردیی و فارسیی و ئینگلیزیی هەروەها پێشەکیی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەش پێکدێت. بەشەکانیش کراون بە چەند پارێکەوە و بەمجۆرە جیاکراونەتەوە:

**بەشی یەکەم 1)** گۆڕانی دەنگیی و زمانە ئێرانییەکان

**پاری یەکەم 1/1)** گۆڕانی دەنگیی

**پاری دووەم 2/1)** دابەشکردنی زمانە ئێرانییەکان بەپێی قۆناغە مێژووییەکان

**بەشی دووەم 2)** گۆڕانە دەنگییەکان لە زمانە ئێرانییە نوێیەکاندا (کوردیی و فارسی بەنموونە)

**پاری یەکەم 1/2)** گۆڕانی دەنگە بزوێنەکان

**پاری دووەم 2/2)** گۆڕانی دەنگە نەبزوێنەکان

**وشە کلیلییەکان: زمان، گۆڕان، زمانە ئێرانییەکان، دەنگ.**

ئەنجامەکان
لیستی سەرچاوەکان
پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی فارسیی و ئینگلیزیی

**1-0) پێشەکیی:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی "درکپێکردن بە گۆڕانە دەنگییەکان لە زمانە ئێرانییە نوێیەکاندا(کوردیی و فارسیی بەنموونە)"، هەوڵێکە بەمەبەستی دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئەو گۆڕانە دەنگییانەی، کە لە قۆناغە جۆربەجۆرە مێژوییەکانی زمانە ئێرانییەکاندا بەسەر هەرکام لە زمانی کوردیی و فارسیدا هاتووە.

**2/0) کەرەستەی توێژینەوەکە:**

ئەو یەکە و داتایانەی، کە لە تەواوی توێژینەوەکەدا وەرگیراون، بریتیین لە دانە فەرهەنگییەکانی زمانە ئێرانییەکان (قۆناغی کۆن(فارسیی کۆن، ئاڤێستایی)، ناوەڕاست(لقی ڕۆژئاوا)" پەهلەویی ساسانیی ، پەهلەویی ئەشکانیی"، کوردیی و فارسیی ئێستا، وەک دوو زمانی ئێرانیی نوێ). هەروەها سود لە ئەلفبای (آوانگاری(هێمای دەنگیی)) وەرگیراوە بۆ دیاریکردنی گۆڕانەکان و تۆمارکردنیان، بۆیە دەبێت بەبەشێک لەکەرەستەی توێژینەوەکە.

**3/0) هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە:**

هاوخێزانبوونی زمانەکانی کوردیی و فارسیی لەناو زمانە ئێرانییەکاندا، نزیکیی و کاریگەریی و کاردانەوەی هەردوو زمان لەسەر یەکتر، خستنەڕوو و نیشاندانی لایەنە هاوبەش و جیاوازییەکانی نێوان کوردیی و فارسیی لە ڕەهەندە دەنگییەکانەوە، هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیەبوون.

**4/0) ڕێبازی توێژینەوەکە:**

پەیڕەویی لە ڕێبازی پەسنیی-مێژوویی بەراوردکاریی کراوە. لە وەرگرتنی نموونە و داتاکان و ناساندن و بەدەرخستنی دیاردە و بارە دەنگییەکانی هەردوو زمان.

**5/0) سنوری توێژینەوەکە:**

چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە، دیاردە دەنگییەکان و بەتایبەتیش دەنگە گۆڕاوەکان لەنێوان زمانی کوردیی و فارسیدا دەیکێشن. لەڕاستیدا گۆڕانە دەنگییەکان زۆر و هەمەچەشنن، بەڵام بەپێی سنور و کاتی ئەم توێژینەوەیە، گرنگترینیان دەستنیشانکراون. دیاریکردن و خستنەڕووی سەرجەم گۆڕانەکان لە کۆنەوە تا ئێستای زمانەکانی کوردیی و فارسیی، پرۆژەی کارێکی گەورەتر و فراوانتری توێژەرانە.

6/0) هێما و کورتکراوەکانی توێژینەوەکە:
- ( OP)، بەواتای فارسیی کۆن (Old Persian).
- (AV)، بەواتای (ئاڤێستایی)  (Avesta).
- (-)، واتە(ئەو وشەیە وەک چاوگ وایە و دۆخی ڕێزمانیی وەرنەگرتووە).
- (*)، واتە (ئەو وشەیە لەسەر بنەمای ڕەگ و لەبەر ڕۆشنایی وشەکانی دیکە نوێکراوەتەوە).

لە کۆتایشدا سەرەڕای پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی فارسیی و ئینگلیزیی، گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم 1) گۆڕانی دەنگیی و زمانە ئێرانییەکان**

**1/1) گۆڕانی دەنگیی**

زمان وەک تەواوی پێکهێنەرەکانی چواردەوری مرۆڤ، هەمیشە لەبەردەم ڕاستینەی گۆڕاندا بووە. ئەمەیش نەک ئەگەری ڕوودانی ڕەخساندووە، بەڵکو بەدڵنیایی و نموونەی ڕوونەوە دەتوانرێت بسەلمێنرێت. هەروەک "دیسۆسێر" دەیگوت: "کات هەموو شتەکان دەگۆڕێت. هیچ هۆکارێک نیە تاوەکو زمان لەم یاسا جیهانیە لابدات". (Aitchison, Jean. 2001:4). لەبەرئەوەی کۆمەڵگا لەیەکجۆر و یەک شێوە لە مرۆڤەکان پێکنەهاتووە، هەروەها ئەم جۆرە جیاوازانەیش بەبەردەوامیی زمان بەکاردەهێنن، ئەمەیش وادەکات، کە بەکارهێنانە زمانییەکان بەپێی چۆنیەتیی بەکارهێنانیان، گۆڕانیان تێدا ڕووبدات. "وەڵامە شیاوەکان بۆ پرسیاری: بۆچی زمان دەگۆڕێت؟ چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمانمان پیشاندەدەن لە کۆمەڵگادا. چۆن زمان لەلایەن تاکەوە وەردەگیرێت؟ زانیاریمان دەربارەی پێکهاتەی ناوەوەی زمان دەدەنێ". (Hickey, Raymond. 2010: 67). ئەم ڕاستییانە ئەگەر دەربارەی بەکارهێنانی زمانێک لەسەردەمێکی دیاریکراو و کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بێت، کەواتە شیانی هەمەجۆرییەکە بەپێی سەردەم و مێژو و جوگرافیا جیاوازەکان زیاتر و فراوانتر دەبێت. "زمان ناگۆڕێت، ئەوە مرۆڤەکانن لە کردەکانیاندا زمان دەگۆڕن(بەهۆی کردەکانیانەوە)". (Croft, William. 2000:4).

گۆڕانەکان لە زماندا بەڕێژە و جۆری جیاواز ڕوودەدەن. بەڵام لە هەر پلە و ئاستێکی گۆڕاندابن، جیاوازیی بنەڕەتیی لە پێکهاتەی گشتیی زماندا دەهێننەئاراوە. بەو واتایەی، کە هەرجۆرە گۆڕانێک بەپێی چۆنیەتیی و چەندێتیی گۆڕانەکە کاریگەریی بەجێدەهێڵێت. "هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە، کە زمان لەهەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی تایبەتیدا توشی گۆڕان ببێت". (خۆشحاڵیی، بێهزاد. 2008: 42-43). لەمڕوانگەیەوە زمان بە پێکهێنەرەکانی دەوروبەری خۆی کاریگەرە. کار و کاردانەوەیان لەسەر یەکتر هەیە. هەر زمانێک وەڵامگۆی ئەو بارودۆخەیە، کە تێیدا بەکاردەهێنرێت. "زمانەکان بەبەردەوامیی لەبەر ئەگەری گۆڕاندان، ئەمەش بەرەو جۆراوجۆربوونی زمانە جیاوازەکانمان دەبات". (کەمریێ، بێرنارد و ئەوانیتر، 2007: 23). بێگومان جۆراوجۆریی و جیاوازییەکان لە هۆکارێکی مێژویی-زمانییەوە دەستپێدەکەن و بەپێی کات شوێنی خۆیان دەگرن. بەجۆرێک، کە ئەو هۆکارە دەبێتە ڕاستییەک لەزماندا و بەیەکجاریی گۆڕانێکی پێڕەوبەندانە(Systematic) بەسەر یەکە و دروستە زمانییەکانی زمانێکی دیاریکراودا دەهێنێت، تا لەکۆتاییدا بەرهەمی گۆڕانەکە دەبێت بە ماک و ئەدگاری تایبەت و ناسینەوە و جیاکردنەوەی زمانێک لە زمانێکی دیکە. بەگشتیی گۆڕانەکان لە تاکە زمانێکی سەرچاوەوە دەستپێدەکەن و بەهۆشییەوە زمان/زاری جیاوازی لێدەکەوێتەوە. لەنموونەی گۆڕانەکان، کە بەسەر لاتینیدا هات و زمانە ئەوروپاییەکانی لێکەوتەوە. تەنانەت ئەو گۆڕانانەش لەناو تاکە زمانێکدا ڕوودەدەن و هۆکارن لەسەرهەڵدانی زار و شێوەزاری جیاوازی یەک زمان. (زانیاریی تەواو دەربارەی ئەو هۆکارانەی، کە هەمەجۆریی و گۆڕان لە زماندا دەهێننەئاراوە، لە "فەتاح، محەمەد مەعروف. 2011: 106-109"دا دەبینرێتەوە). سەرەتا بەشێکی زۆری ئەو گۆڕانانەش بەسەر دەنگەکاندا دێن. بۆنموونە گۆڕانی دەنگێک بەدەنگێکی دیکە، ئاڵوگۆڕی دەنگەکان، لەناوچوون یان زیادبوون و پەیدابوونی دەنگێک لە پێکهاتە و دروستەی وشەیەکدا. ئەمجۆرانەی گۆڕان بەپێی یاسا و بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە ڕێگە بەڕوودانیان دەدرێت. بەو واتایەی، کە ڕێگە بە گۆڕانێکی بێ هۆ نادرێت. "وشەی (-ap)ی ئێرانیی کۆن لە پەهلەویدا بووە بە (ap)، لە فارسیدا بووە بە (آب)، لای ئێمە لە خواروو بووە بە (ئاو)، لە سەرووشدا بووە بە (ئاڤ). واتە (پ > ب > و یان ڤ )". (سدیق، فاروق عومەر. 2011: 244). گۆڕان بەسەر یەکێک لە دەنگەکانی پێکهاتەی ئەو وشەیەدا هاتووەك بەڵام ئەم گۆڕانە بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە بووەتە دیارترین جیاوازیی لەنێوان ئەو زمانە جیاوازانەشدا، بەجۆرێک وەک یاسایەکی گشتیی لێهاتووە و گۆڕان و ئاڵوگۆڕی دەنگەکانی / ب / ، / و / ، / ڤ / لەنێوان فارسیی و کوردیی(ناوەڕاست، سەروو)دا بەردەوام بەرچاودەکەوێت. (لەبەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بەنموونەی پێویستەوە دەربارەی گۆڕانی ئەم دەنگانە زانیاریی دەخرێتەڕوو).

هەر گۆڕانێکی دەنگیی (Sound Change)، دەچێتە ناو چوارچێوە فراوانەکەی گۆڕانی زمانیی(Language Change)ەوە. ئیدی ئەم گۆڕانە دەنگییە یان لە سنورێکی تەسکدا دەمێنێتەوە و تەنها وەک جۆرێکی دەربڕین لە شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکاندا لێیدەڕوانرێت، یان دەبێتە دیاردەیەک و سنورێکی فراوانی وشەکان دەگرێتەوە و لەکۆتاییدا و بە چەند قۆناغێکی مێژویی دور و درێژ زارێک لەناو زمانێکدا، یان زمانێک لە زمانێکی دیکە لەناو یەک خێزانە زماندا جیادەکاتەوە.

یەکەم هەنگاوی گۆڕانە زمانییەکان لە گۆڕانی دەنگییەوە دەستپێدەکات. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەنگەکان ئاسانتر و لەبارترن بۆ گۆڕان تیایاندا. سەرەڕای هۆکار و هاندەر(Motive)ە زمانەوانییەکان، چەند هۆکار و لایەنێکی دیکەش هەن، کە بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی دەنگەکان هەیە و وایانکردووە، کە گۆڕان بەسەر دەنگەکاندا لەهەموو ئاست و پێکهاتە زمانییەکانی دیکە ئاسانتر و لەپێشتربێت. بۆنموونە پێکهاتەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن، لایەنی سایکۆلۆژیی و چۆنیەتی

گۆکردنی دەنگەکان و ئەو دەوروبەرەی، کە دەنگەکەی تێدا دەردەبڕرێت...هتد. لەیاساکانی فۆنۆلۆژیی کوردیدا چەندیین گۆڕان، کەهەرکامیان هۆکارێکی تایبەت بەخۆی هەیە بەدیدەکرێن. بۆنموونە شێوازی دەربڕینی دەنگێکی دیاریکراو، وەک لە وشەکانی (حەب::حەپ، مهاباد::مهابات...) دەبینرێت. هەروەها پێکەوەهاتنی دەنگەکان لە ئاستە ئاسۆییەکەدا، هەندێجار گۆڕان لە دەنگەکاندا دێنێتە ئاراوە، وەک لەنموونەکانی (بەشدار::بەژدار، دەستگیر::دەزگیر، پێشمەرگە::پێژمەرگە...)دا دەبینرێت. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کاتێک دەنگێکی نەبزوێنی کپ لەتەنیشت دەنگێکی بزوێن(کە هەموویان گڕن) دێت، ئەوا بەکاریگەریی دەنگە گڕەکە، دەنگە کپەکەش نزیک دەبێتەوە لەدەنگێک، کە هەم نزیک بێ لە خۆیەوە و هەمیش گڕبێت. /ژ/ نزیکترین دەنگە لە /ش/ەوە و لەڕووی چۆنییەتی دەربڕینیشەوە گڕە و نزیک دەبێتەوە لە بزوێنە گڕەکە. ئەم هۆکارانە و چەندیینی دیکەش وایانکردووە، کە دەنگەکان ئاسانتر و خێراتر گۆڕان تیایاندا ڕووبدات. "ئاستی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی زمان زیاتر لە ئاستەکانی تر دەگۆڕێ و زۆرتریش هەستپێدەکرێت". (فەتاح، محەمەد مەعروف. 2011: 119). گۆڕانی دەنگیش دەشێت لە دوو لایەنەوە لێبپروانرێت:

- گۆڕان بەواتای لەناوچوون. وەک لەناوچوونی دەنگە بزوێنەکانی کۆتایی پێکهاتە وشەییەکان.(لەپاری یەکەمی بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا زانیاریی دەربارەی ئەمجۆرەی گۆڕان، بەوردیی و نموونە و بەڵگەی پێویستەوە دەخرێتەڕوو). چونکە لەکۆتاییدا هەرجۆرێکی لەناوچوونیش گۆڕانکاریی بەسەر پێکهاتە وشەییەکەدا دەهێنێت و جیاوازیدەکات لەفۆڕمە پێش گۆڕاوییەکەی.

- گۆڕان بەواتای جێگرتنەوەی دەنگێک بە دەنگێکی دیکە. ئەم گۆڕانە هەم لەناو تاکە زمانێکدا و هەم لەناو زمان/زارە جیاوازەکاندا ڕوودەدات و دەبێتە یەکەم هەنگاوی جیاوازییکردن لەنێوان ئەو زمانانە، یان زارە جۆربەجۆرەکانی زمانێک. گۆڕانی دەنگیی هەم بابەتێکی مێژوویە"Diachronic"، هەمیش ئێستایی"Synchronic". چونکە گۆڕانەکە لە مێژودا ڕوویداوە و کاریگەرریە دەنگییەکەی بەسەر پێکهاتە وشەییەکەوە تا ئێستایش بەردەوامە، کە لە ئێستادا وەک بیچمی گۆڕاوی دەنگە مێژووییەکە لەسەر وشەکە ماوەتەوە. بۆنموونە ئاڵوگۆڕی /ز/ و /ژ/ لەنێوان کوردیی و فارسیدا، لەوشەکانی (زن، ژن)دا. لەقۆناغێکی مێژویی جیابوونەوەی کوردیی و فارسیدا لەناو زمانە ئێرانییەکاندا ڕوویداوە و ئێستا وەک دوو یەکەی فەرهەنگیی سەر بە دوو زمانی جیاواز دەردەکەون. "پڕەنسیپی سیستماتیکی گۆڕانی دەنگەکان بەشێوەیەکی تایبەت لەوکاتەدا بەلای زمانەوانەکانەوە گرنگبووە، کە لە گەڕانیاندا بەدوای پەیوەندیی بۆماوەیی زمانە جیاوازەکاندا، بەراوردی نێوان ئەو زمانانەیان کردووە". (کەمرێ، بێرنارد و ئەوانیتر، 2007: 47-48). کەسانێک، کە لە بواری دەنگسازیی مێژوویی زمانە جیاوازەکاندا ئەزمونیان هەیە دەزانن، کە لە یەک قۆناغی زەمەنیی دوور و درێژدا، بە نزیکەیی هەر دەنگێک دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ هەر دەنگێکی تر. لەوانەیە توێژینەوەی نوێ لە بواری فۆنۆلۆژیدا زانیاریی تازەی لە بارەی گۆڕانکاریی دەنگەکان لە نێوان دوو قۆناغی یەک لە دوای یەکی یەک زمان بەدەستهێنابێت، بەڵام ئەم جۆرە لە توێژینەوانە هێشتا لە قۆناغی سەرەتادان. کەواتە گۆڕانە دەنگییەکان لە زمانەکاندا بە تەواویی جیاوازن. هەندێکجار گۆڕانەکان وەک یەک دەبن، زمانەوانەکان ئەم گۆڕانکارییانەیان بە جۆری جیاواز دابەشکردووە و گرنگترینیان ئەمانەن:

١- تیاچوون و زیادبوونی فۆنیم: تیاچوون یان زیادبوونی دەنگێک یان زیاترە بە مەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین. (آرلاتو، آنتونی. ١٣٨٤: ٩٣).

٢- جێگۆڕکێ: مەبەست لەم یاسایە ئەوەیە، کە دەنگێک یان زیاتر لە پێکهاتەی وشەیەکدا شوێنی خۆیان دەگۆڕن.

٣- لێکچوون(گونجانی دەنگ و نەگونجانی دەنگ): واتە بزوێن یان نەبزوێنێک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەنگەکانی تەنیشتی و دەگۆڕێت بۆ ئەو دەنگە ، بەمە دەوترێت گونجانی دەنگ. ( خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا. ٢٠١٤: ١٠٣).

نەگونجانی دەنگ یان گونجانی ناتەواو: لەمجۆرەدا، بەشێک یان سیفەتێک لە دەنگەکە دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێک پەیدا بکات لەگەڵ دەنگێکی تردا. بەتایبەتیی لەگەڵ ئەو دەنگەی کاریتێکردووە، بۆ ئەوەی دوو دەنگە جیاوازەکە لە یەکتر نزیکببنەوە لە سیفەتی قەڵەویی، گڕی یان کپی....هتدا. بۆ نموونە: گۆڕانی دەنگی گڕ بۆ کپ (ب>پ، ش>ژ ...هتد). (هەمان سەرچاوە. ٧٩- ٨٠)

٤. بەراورد (قیاس): هەندێکجار وشەیەک بۆ ئەوەی قیاسی وشەیەکی تر وەربگرێ، شێوەی ئەو وشە وەردەگرێت. بۆ نموونە:

θarda و garma

گۆڕاوە بۆ garmaگەرما و سەرما sarma. (آرلاتو، ٩٤).

بەمشێوەیە دەتوانرێت بوترێت گۆڕانە دەنگییەکان هۆکاری سەرەکیی جیاوازییەکانن. هۆکاری ئەم سەرەکیبوونەشیان بۆ زۆرترین شیانیان بە گۆڕانەکان دەگەڕێتەوە. بەواتایەکی دیکە دەنگەکان لەهەموو یەکە و پێکهاتە و ئاستە زمانییەکانی دیکە زیاتر و خێراتر

دەکەونە بەردەم گۆڕانەوە. لەبەرئەوەی دەنگەکانیش پێکهێنەری فۆڕم و دروستەکانی دیکەی زمانن، بۆیە زۆرتریین سەرنجی جیاوازییە زمانییەکان لەسەر ئەمانە. وەک سەلماندنێک لە دروستکردنی یەکەمیین جیاوازییە زمانییەکان، با لەم نموونانە بڕوانین:

- دختر فارسیی
- دوێتە کوردیی خواروو
- Daughter ئینگلیزیی

ئەو یەکانە سەر بە سێ زمانی جیاوازی ناو خێزانی (هیندو ئەوروپییەکان)ن، کە سەرجەمیان بەرانبەر یەک هێمابۆکراو لە دەرەوەی زمان دەوەستنەوە، ئەویش (کچ)ە. ئەوە جیاوازییە دەنگییەکانە، کە وایکردووە لێکسیمی فەرهەنگیی جیاواز بێتەئاراوە. ئاشکرایە ئەم یەکە فەرهەنگییانەش لە قاڵبە ڕێزمانییەکاندا و بەپێی سروشتی یەکەکانی دیکەی چواردەوریان گەردانەکرێن و سەرئەنجام جیاوازییەکە تەنها لە ئاستی دەنگسازیدا(بەهەر دوو لقەکەیەوە "فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی") نامێنێتەوە و سەرجەمی پێکهاتە زمانییەکە دادەپۆشێت. بەمشێوەیە گۆڕانە دەنگییەکە وەک یەکەم و بنەڕەتی سەرجەم جیاوازییەکان دەردەکەون. "هەر زمانە و لە دەنگەکانیدا، لە ستراکچەریدا(پێکهاتەیدا) و لەشێوازی بیرکردنەوەیدا زۆر لەویتر جیاوازە". (کەمرێ، بێرنارد و ئەوانیتر، 2007: 78). دەستنیشانکردنی ئەو جیاوازییە دەنگییەکانە یەکەم هەنگاو و دەستپێکی جیاوازیی خستنە نێوان شێوازە زمانییە بەکارهێنراوەکانە. واتە جیاوازیی دەنگیی دیارتریین بواری جیاوازییەکانی نێوان زمانەکانە. گۆڕانیش هەنگاوی پێش جیاوازییە دەنگییەکانە. بەو واتایەی، کە گۆڕانە دەنگییەکان هۆکاری جیاوازییە دەنگییەکانن، جیاوازییە دەنگییەکانیش یەکەمیین و بەرچاوترین خاڵی جیاکردنەوەی زمانەکانە. لە خشتەی (1) دا بەنموونەوە ئەو جیاوازییە دەنگییانە خراونەتەڕوو:




- لب (فارسیی) - لێو (کوردیی) - Lip (ئینگلیزیی)

خشتەی (1) جیاوازییە دەنگییەکانی نێوان زمان و زارەکان

ئەگەر سەرنجەکان لەسەر زمانەکان/زمانێک و زار و شێوەزارەکانیان چڕبکرێتەوە، بەڕوونی هەست بەوەدەکرێت، کە چۆنییەتی و چەندێتیی گۆکردنی دەنگەکانی پێکهێنەری وشەکان هۆکاری دیاری جیاکردنەوەی ئاخێوەرانی سەر بە زمانەکانن. تەنانەت لەناو تاکە زارێکی سەر بەیەک زمانیشدا ئەمە بەڕوونی هەستپێدەکرێت. بۆنموونە (هەندێک) لە زمانی کوردیی کرمانجی ناوەڕاستدا بە فۆڕمەکانی (هەندێ، هەندێ، هەنێ) بەکاردەهێنرێت، کە بە ڕێژەیەکی زۆر دەتوانرێت لەڕێگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی-جوگرافییەوە، بەکارهێنەرانی ئەم فۆڕمانە بەناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافییەوە ببەسترێنەوە. ئەم ڕاستییە لەیەک زماندا بەرچاو و گوێ دەکەوێت، بێگومان هەمان گۆڕانیش بەسەر دەنگەکانی پێکهاتەی یەکە زمانییەکانی ناو گروپە زمانێک وایکردووە، کە دوو-شێوە بەکارهێنان لەیەک جیاببنەوە، تا ئاستی بوونیان بە دوو زمانی جیاواز. بۆنموونە (خواب/خوابیدن::خەو/خەوتن)، کە هەم لە چۆنیەتیی گۆکردن و هەمیش لە چەندێتیی دەنگەکانیاندا جیاوازن.
"گۆڕینی دەنگ مەبەست لەو دیاردەیە ئەوەیە، کە دەنگێکی وشەیەک لە ئاخاوتنی هەندێک کەسدا دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی دیکە". (خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا. 2014: 95). بەگشتیی لە زماندا چەندجۆرێک گۆڕان هەن. بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بەم توێژینەوەیە و

مەبەستەکانییەوە هەبێت، زیاتر ئەو گۆڕانانەیە، کە لە قۆناغە مێژوییە کۆنەکاندا ڕوویانداوە و کاریگەرییەکەیان لەئێستادا لەزمانەکاندا (کوردیی، فارسیی)بەدیدەکرێت. بۆنموونە گۆڕانی دەنگێک بە دەنگێکی دیکە، وەک (روز::ڕۆژ). یان جێگۆڕکێی دەنگەکان لەپێکهاتەی وشەیەکدا وەک (دندان::ددان). یان زیادبوونی دەنگێک (خون::خوێن). بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە گۆڕان و جیاوازییە دەنگییە فۆنۆلۆژییەکان لەهەر زمانێکدا بەپێی یاسا فۆنۆلۆژییەکانە، کە ئەمانیش بەپێی زمانەکان جیاواز و هەمەجۆرن. مەبەست لە یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە زماندا، جێگیریی کارکردن و مامەڵەکردنی زمانەکانە لەگەڵ فۆنیمەکاندا بەو واتایەی، کە زمانەکان مامەڵە لەگەڵ فۆنێمەکاندا دەکەن، کە ژمارەیان لەهەر زمانێکدا دیاریکراوە، پاشان لەئەنجامی پێکەوەهاتن و کاکردنی ئەم فۆنێمانە پێکەوە، چەند یاسایەکی فۆنۆلۆژیی جڵەوی سەرجەم دیاردە دەنگییەکانی زمانێکی دیاریکراو دەگرن. ئەو پێکەوەهاتنە هەندێکجار (کرتاندن، زیادکردن، جێگۆڕکێ، گۆڕین)ی دەنگەکانی لێدەکەوێتەوە، کە هەموو ئەمانەیش لە داڕشتنی فۆنەتیکییانە(دەربڕینی دەربڕاوەکان)ی ئاخێوەراندا ڕوودەدەن.

"داڕشتەی بنەڕەت

↓

یاسا فۆنۆلۆژییەکان

↓

داڕشتەی فۆنەیتیکیی". (مەحویی، محەمەد. 2008: 11).

**2/1) دابەشکردنی زمانە ئێرانییەکان بەپێی قۆناغە مێژووییەکان**

زمان هیچکات یەکجۆر بەکارهێنان و دەرکەوتی نەبووە. لە ئاستە گشتییەکەیدا و بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان دەرکەوتە زمانییەکان هەمەجۆر و جیاوازن. ئەگەر وردتریش بکرێتەوە، لەناو تاکە زمان/شێوەزارێکیشدا یەکجۆر بەکارهێنان نابینرێت(لەنموونەی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان). دەتوانرێت ئەم گریمانەیە تا ئەو ڕادەیە ببرێت، کە هیچ دوو ئاخێوەرێکی زمانێکیش نییە، کە یەکجۆر و بەیەک شێواز زمان بەکاربهێنن. چەندین لایەن و ڕەهەند هەن، کە وەک سەرچاوەی دروستکردنی ئەم جیاوازییانە ڕۆڵدەگێرن و بەگشتیی دابەشبوون بەسەر جەستەی زمانەکاندا. یەکێک لەو ڕەهەندانە، بوارە مێژووییەکەی زمانەکانە. لەم وانگەیەوە تەواوی زمانەکانی دونیا (بە زیندو و مردووەوە)، سەر بە چەندین خێزان و بنەماڵەی زمانین، کە زمانەوانان توێژەران بەچەندیین شێوە دابەشیانکردوون. بۆنموونە خێزانە زمانییەکانی وەک (هیندۆئەوروپایی، سامیی و حامییەکان، چینی-تبتیی، زمانە قەوقاسییەکان...هتد).

**2-1)دابەشبونی زمانە ئێرانییەکان لە ڕووی مێژووییەوە**

خێزانە زمانە ئێرانییەکان/ ئەو زمانانەی کە لە ئێراندا (ئێرانی کۆن) هەبوون لە کۆنەوە تا ئێستا لە ڕووی تایبەتمەندێتی زمانەوانییەوە خزمایەتی هەیە لە نێوانیاندا، هەرچەندە ئەم زمانانە لە شوێنی جۆراوجۆرن لە ئێران یان دەرەوەی سنوری ئێرانی ئێستا، بەکارهێنراون یان تا ئێستا بەکاردەهێنرێت، بەم کۆمەڵە زمانە دەوترێت زمانە ئێرانییەکان.(تفضلی، 1393، 11) زمانە ئێرانییەکان یەك خێزان پێك دەهێنن کە لە یەك ڕەگ و ڕیشەی هاوبەش جیابونەتەوە. بوونی وشەی هاوبەش و لەیەکتر نزیك بونی پێکهاتە ڕێزمانییەکانی ئەم زمانانە خزمایەتی ڕەگەز و نەژادی ئەوان دەردەخات. زمانە ئێرانییەکان،لقێکە لە گروپی (زمانە هیندۆ ئێرانییەکان)، کە ئەویش لقێکە لە زمانە (هیندۆ ئەورووپییەکان)ە.

زمانە ئێرانییەکان لە ڕوی مێژوییەوە بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبن:

قۆناغی کۆن ↓ قۆناغی ناوەڕاست ↓ قۆناغی نوێ ↓

قۆناغی کۆن: زمانەکانی: ئاڤێستایی، فارسی کۆن، مادی، سەکایی کۆن.

قۆناغی ناوەڕاست: پارتیی، پەهلەویی، سوغدیی، بەلخیی، خوارزمیی، سەکایی ناوەڕاست.

قۆناغی نوێ: فارسیی، کوردیی، بەلوچیی، ئاسیی، گیلەکیی، مازندەرانیی، پشتو، یەغنابیی، پامیریی، تاجیکیی، تاتیی، ئازەریی، کەمزاریی....هتد. (اموزگار، ژالە. تفضلی، احمد. 1392: 11-13).

قۆناغی کۆن: لە سەردەمانێك، کە یەکەمین پاشماوە(ئاسار) ی زمانە ئێرانییەکان بوونی هەیە، واتە سەردەمی کۆکردنەوەی گاهان یان گاتهای زەردەشت ( بەنزیکەیی سەدەی 12 تا 10 پ.ز)، دەستپێدەکات، وە لە کۆتایی سەردەمی هەخامەنشینەکان (بە نزیکەیی 300 پ.ز) کۆتایی پێدێت.

لەم قۆناغەدا دوو زمان پاشماوەی نووسراوی لێ بەجێماوە،ئەوانیش زمانی ئاڤێستایی و زمانی فارسی کۆن.

1- زمانی ئاڤێستایی: لە رووی تایبەتمەندی زمانییەوە ئەم زمانە تایبەتە بە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی کۆن یان ئێرانی گەورە، کتێبی ئاڤێستا واتە گاهان تا کاتی کۆکردنەوە و نووسینی (ڕەنگە سەدەی چواری زایینی) چەندین سەدە مەودا هەیە، لەو ماوەیەدا ئەم کتێبە دەماودەم گێڕدراوەتەوە و پارێزراوە، هیچ زمانێك لە زمانەکانی دواتر (زمانە ئێرانییە نوێیەکان) بە پاشماوەی ڕاستەوخۆ و گۆڕاوی ئاڤێستایی دانانرێت. (هەمان سەرچاوە. 11).

دەربارەی واتای وشەی ئاڤێستا بۆچونی جیاواز هەیە:

(گێلدنێر) وشەی ئاڤێستا لە upa√stā وەرگرتووە بە واتای (پایە).

(بارتۆلۆمە) وشەی ئاڤێستا لە upa√stāv وەرگرتووە بە واتای (ستایش).

(بیلی) وشەی ئاڤێستا لە apa√stāv وەرگرتووە بە واتای (ستایشی پاك).

(جاکسۆن) وشەی ئاڤێستا لە vid ā√ وەرگرتووە بە واتای (زانست). (رضائی باغ بیدی، حسن. 1388 :26 ).

ئاڤێستا ئەو زمانەیە کە کتێبی پیرۆزی زەردەشتیەکانی پێ نوسراوەتەوە هەر بە ناوی ئەم کتێبەوە ناونراوە لە ڕاستیدا ئاڤێستا کۆمەڵێك دەقی ئاینی هەمەڕەنگە، کە لە سەدە جیاوازەکان و لەلایەن کەسانی جیاوازەوە بەدەستهاتووە، بە دوو شێوەزاری جیاواز، ئاڤێستای کۆن یان گاهان (گاتەکان) و ئاڤێستای نوێ. (هەمان سەرچاوە. 25).

2- زمانی فارسی کۆن: یەکێکە لە زمانە ئێرانیەکان لە سەردەمی هەخامەنشینەکان زمانی دایك بووە. ئەم زمانە لە باشوری ڕۆژئاوای ئێران قسەی پێکراوە، کەتیبەکانی پادشاکانی هەخامەنشینەکانی (سەدەی 6 تا 4 پ.ز) پێ نووسراوەتەوە، ڕێنوسی بزماری فارسی کۆن لێ بەجێماوە، زۆربەی شارەزایان لەوباوەڕەدان ئەم ڕێنوسە تایبەت بووە بە کەتیبەکانی پادشایەتی. ئەم ڕێنوسە لە سەردەمی داریوشی یەکەم داهێنراوە، ئەم ڕێنوسە لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنوسرێت ژمارەی نیشانەکانی 36 نیشانەیە.ئاسەواری ئەم زمانە لە هەمەدان و شوش و تەختی جەمشید و نەقشی ڕۆستەم و نێوان دوو ڕوبار و میسر و سوریا و ئاسیای بچوك دۆزراوەتەوە.درێژترین و گرنگترین کەتیبەی سەردەمی هەخامنشینی کەتیبەی (داریوش یەکەم) ە. (اموزگار. تفضلی. 1392: 11-12)

3- زمانی سەکایی کۆن: زمانی یەکێك لە نەتەوەکانی ئێرانی کۆنە، کە لە سەدەی هەشتەمی پ.ز تاسەرەتاکانی خاچپەرستیی لە دەشتەکانی ئۆراسیا و کەناراوەکانی باکوری دەریای ڕەش لە باکور، تا سنورەکانی چین لە ڕۆژهەڵات، بەشێوازی چادرنشینیی(گەڕۆك)، ژیانیان بەسەربردووە. لەم زمانە هیچ دەقێك بەجێنەماوە، تەنها چەند وشەیەك نەبێت، لە سەر کەتیبەکانی هەخامەنشینەکان ناوی چوار بنەماڵەی سەکاییەکان هاتووە، کە ئەوانیش: سەکایی هوم نۆش، سەکایی تیز خود ( کڵاو تیژەکان)، سەکایی ئەوبەری سوغد، سەکایی ئەوبەری دەریا، سێ بنەماڵەی سەرەتا سەکاییەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریایی خزر بوون، چوارەمیش سەکایی ڕۆژئاوای پێ دەوترێت، تەنها ئاسارێك لەم زمانە بەجێمابێت، ناوی هەندێك کەس، بنەماڵە و شوێنە، لە کەتیبەکانی یۆنانی، هەروەها لە ئاسارەکانی مێژوونووسانی یۆنانی، لەسەر بنەمای ئەمانە و بە کۆمەکی ئاسارەکانی (نووسراو) زمانە ئێرانییە کۆنەکان (ئاڤێستایی و فارسی کۆن) دەتوانرێت، ناوی چەند (شوێن و گرد و ڕووبار) لە ئۆکرانیا و باشوری ڕووسیا بەدەستبهێنرێن و دووبارە نوێ بکرێنەوە(دووبارە خوێندنەوە یان پێداچوونەوە و دەستکاریکردن).

4- زمانی مادی: یەکێك لەو زمانە گرنگانەی لە نێوان زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا کەمتر ناسراوە،زمانی مادی بووە، کەتەنها لە ڕێگەی ناوی شوێن و کەس و وشەکانەوە، هەروەها لە کەتیبەکانی ئاشوری و بابلی و فارسی کۆن و ئیلامی، بەڵگەنامەکانی ئارامی و نووسراوە یۆنانییەکان بەجێماوە.( کنت، رولاند.گ. 1391: 58) بەراوردی وشە دۆزراوەکانی زمانی مادی بە وشە هاوواتاکانی لە زمانەکانی فارسی کۆن و ئاڤێستایی، نیشانی دەدات، کە زمانی مادی زۆر نزیك بووە لە زمانی ئاڤێستایی. (باغ بیدی. 1388: 54).

قۆناغی ناوەڕاست: لە کۆتاییەکانی سەردەمی هەخامەنشینەکان (نزیکەی 300 پ.ز) دەستپێدەکات و لە سەرەتاکانی هاتنی ئیسلام (سەدەی 7 زایینی) کۆتایی پێدێت، لەم قۆناغەدا ئاسار و نوسین و بەڵگەنامەکان بە زمانە جیاوازەکانی فارسی ناوەڕاست، سوغدی،

پارتی، خوارزمی و بەلخی بەجێماون، زمانەکانی ئەم قۆناغە لە سەر بنەمای جوگرافیی دابەش بووە بۆ دوو گروپ: ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی. (وفایی، عباسعلی. 1391: 28)

زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان: دابەش دەبێت بەسەر دوو گروپی باکور و باشور، زمانەکانی سوغدی و خوارزمی سەر بە باکوری ڕۆژهەڵاتن، سەکایی ناوەڕست (خوتەنی) و بەلخی سەر بە باشوری ڕۆژهەڵاتن. (اموزگار. تفضلی. 1392: 12)

زمانی بەلخی : لە ناوچەکانی بەلخی کۆن لە باکوری ئەفغانستانی ئێستا قسەی پێکراوە، ئەم زمانە بێجگە لە بەلخی (کۆشانی)، (توخاری)یشی پێدەوترێت، کۆنترین ئاساری بەجێماوی ئەم زمانە، سکە و مۆر و کەتیبەکانی سەردەمی حکومەتی کۆشانییەکان (سەدەی 1 تا 3 ز)، زمانی بەلخی بە ناونیشانی زمانی شاهانی کۆشانی، دەبێت لە ئیمپراتۆریەتی گەورەی ئەوان، لە ئەفغانستان و باکوری هیند و بەشێك لە ئاسیای ناوەڕاست بەکارهاتبێت (قسەی پێکراوە)، زمانی بەلخی تەنانەت دوای ئاشبەتاڵی پاشاکانی کۆشانی بەلایەنی کەمەوە تا شەش سەدە بەکارهاتووە.

زمانی خوارزمی: یەکێکە لە زمانە ئێرانییەکانی قۆناغی ناوەڕاست، لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە، ئەم زمانە تا کۆتایی سەدەی 8 کۆچی/ 4 ز، لە ناوچەکانی خوارزم زیندوو بووە، ئاساری بەجێماوی ئەم زمانە زۆر کەمە، بریتین لە: دوو کەتیبەی زۆر کورت لە سەر قاپێکی گڵە، نووسراوە کورتەکانی سەر سکەکانی سەردەمی فەرمانڕەواکانی خوارزم، هەروەها نووسراوی سەر چەرم و چەند بەردەنووسێك، چەند کەتیبەیەکی کورت لەسەر قاپی زیوین، لە ناوچەکانی ئۆراڵ.

زمانی سوغدی: وەك زمانەکانی بەلخی و خورازمی یەکێکە لە زمانە ئێرانییەکانی قۆناغی ناوەڕاست، لە باکوری ڕۆژهەڵات، ئەم زمانە لە کەناراوەکانی ڕووباری زەرەفشان و ناوچەکانی دەوروبەر،بەکار هاتووە.

نووسراوە بەجێماوەکانی زمانی سوغدی و جۆراوجۆری نووسراوەکان لە زمانەئێرانییەکانی دیکەی قۆناغی ناوەڕاست زیاترە، ئاساری بەجێماوی ئەم زمانە لە دورگەی تۆرفان (تورکستانی چین) لە تاجیکستان، هەروەها لە شاری کۆنی ئەفراسیاو لە نزیك سەمەرقەند لە ئۆزباکستان و لە باکوری پاکستان ولە مەغۆلستان، تەنانەت لە سەر دیواری چینیش دۆزراوەتەوە، ئێستا ڕەسەنترین دەستنووسی سوغدی لە گەنجینەکانی بەرلین، پاریس، لەندەن و لنینگراد پارێزگاری لێدەکرێت.

زمانی سەکایی ناوەڕاست: ئەم زمانە دوو شێوەزاری هەیە، ئەویش خوتەنی (شێوەزاری ڕۆژهەڵاتی)، تەمەشوقی (شێوەزاری ڕۆژئاوایی)، کە لە خوتەن و تەمەشوق ، لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کاشغر(شارێکی کۆنی چین)ە، بەکارهاتووە. شێوەزاری تەمەشوقی کۆنترە لە خوتەنی، بەڵام پاشماوەی بەجێماوی شێوەزاری خوتەنی زیاترە لە تەمەشوقی، کۆنترین ئاساری خوتەنی وشەکانی ناو کەتیبەی هیندییەکانی سەردەمی کۆشانییەکانە لە سەدەی (1، 2 ز). هەروەها کەتیبە هیندییەکانی تورکستانی ڕۆژهەڵات لەسەدەی 3 ز. ( حمەامین، تانیا. 1395: 7).

زمانە ڕۆژئاواییەکان: ئەمیش دابەشدەبێت بۆ دوو گروپی باکور و باشور، لقی باکوری ڕۆژئاوا لە ژێر فەرمانڕەوایی پارتییەکان یان ئەشکانییەکان بووە، وە هەروەها پێیان وتووە پەهلەوانیگ یان پەهلەوی ئەشکانی یان پارتی، هەروەها لقی باشوری ڕۆژئاوا زمانی سەردەمی ساسانییەکان بووە، زانایانی سەردەم زمانی پەهلەوی بە فارسی ناوەڕاست ناو دەبەن، ئەویش لە ڕێگەی بەراوردکردنی بە زمانی فارسی کۆن و فارسی نوێ. (اموزگار.تفضلی. 1392: 11- 12)

زمانی پارتی: (247 – 224 ز)، ئەم زمانەپەهلەوی و پەهلەوانی و پەهلەوی ئەشکانیشیان پێدەوترێت، یەکێکە لە زمانە ئێرانییەکانی قۆناغی ناوەڕاست، لە باکوری ڕۆژئاوا. (باغ بیدی. 1388: 15) ، کۆنترین ئاساری بەجێماوی ئەم زمانە، نووسراوی سەر گڵە، کە لە کەلاوەکانی شاری نەسا (پایتەختی کۆنی ئەشکانییەکان) لەنزیك عیشق ئابادی ئێستا لە تورکەمەنستان، دۆزراوەتەوە.

زمانی فارسی ناوەڕاست: (224- 651 ز)، ئەم زمانە پەهلەویشی پێدەوترێت، یەکێکە لە زمانە ئێرانییەکانی قۆناغی ناوەڕاست، لەباشوری ڕۆژئاوای ئێرانی کۆن بەکارهاتووە، زمانی ڕەسمی دەوڵەتی ساسانی بووە. لەبەرئەوەی لە ڕووی پێکهاتنەوە لەنێوان زمانی فارسی کۆن و نوێدایە زمانەوانان ناویان ناوە فارسی ناوەڕاست. (باغ بیدی. 1388: 125، 134).

قۆناغی نوێ: زمانە ئێرانییە نوێیەکان کە لە دوای فەتحی ئێران بەدەستی موسوڵمانان لە ساڵی 651ز دەستپێدەکات و تا ئێستە بەردەوامی هەیە، هەندێ لەم زمانە نوێیانە هاوکات لەگەڵ زمانە ئێرانییەکانی قۆناغی ناوەڕاست بەکارهاتوون، ئەم زمانانە دەگرێتەوە: فارسیی، کوردیی، بەلوچیی، ئاسیی، گیلەکیی، مازندەرانیی، پشتو، یەغنابیی، پامیریی، تاجیکیی، تاتیی، ئازەریی، کەمزاریی....هتد.

زمانی کوردیی یەکێکە لە زمانە ئێرانییە نوێیەکان لە لقی ڕۆژئاواوە ، پێشینە و بنەچەی ئەم زمانە لای لێکۆڵەران و زمانەوانان و ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوونوسان هەندێ جار جێگای گومان بووە وە هەندێ جار دڵنیابون لە ئەسل و نەسەبی، زۆربەی لێکۆڵەرانی زمانەوانی بە پاشماوەی زمانی مادی دا دەنێن و هەندێکیان بە پاشماوەی زمانی ئاڤێستایی دەزانن. ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیی پرۆفسیۆر ڤلادیمێر مینۆرسکی دەڵێت: "زمانی کوردی بەشێوەکی ڕەهایی(بەتەواوی) لە ڕەگی زمانی مادییەوە بەجێماوە (پاشماوەی زمانی مادییە)". هەروەها دەنووسێت: "ئەگەر کوردەکان پاشماوەی مادەکان نەبن، کەواتە چی بەسەر میللەتێکی ئاوا کۆن و بەتوانادا هاتووە؟ ئەی ئەم هەموو بنەماڵە و خانەدانەی کورد، کە بەیەك زمان و جیاواز لە زمانە ئێرانییەکانی تر قسە دەکەن، لەکوێوە هاتوون؟ ئەگەر پاشماوەی مادەکان نەبن".(مینورسکی، ولادیمیر. 1382: 40). ئەم تێڕوانینە دواتر لەلایەن ئیلیا گەرشەڤیج زمانەوانێکی تری ڕووسیی پشتگیریی لێکرا. هەروەها جان سیمبەرت ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکایی دیسان هەمان بۆچوونی هەیە و پێی وایە مادەکان باوانی کوردەکانن. سیسیل جی. ئەدمۆندز دەڵێت: "بە ڕای من لەسەر بنەمای جوگرافیی و زمانەوانیی دەتوانرێت بووترێت کوردەکانی ئەمڕۆ نوێنەری مادەکانن (سێهەمین گەورە دەسەڵاتداری ڕۆژهەلات)". (ادموندز، سیسیل جی. 1367: 13).

هواردت و دارمستتر بڕوایان وایە، کە " زمانی مادی هەمان زمانی کوردی موکریانییە". (سنندجی، میرزا شکرالله. 1366: 20).

زمانی فارسیی/ یەکێکە لە زمانە ئێرانییە نوێیەکان. ڕەگ و ڕیشەی زمانی فارسیی بریتییە لە فارسیی ناوەڕاست و فارسیی کۆن. زمانی فارسیی تاکە زمانێکی ئێرانییە، کە قۆناغی ناوەڕاست و کۆنی هەیە و جیگیرکراوە و نوسراوی لێبەجێماوە. زمانی فارسیی شێوەزاری یەکێک لە نەتەوەکانی ئێرانی کۆن بووە(هۆز و نەتەوەی پارس)، کە بەرەو باکوری ڕۆژئاوای ئێرانی کۆن کۆچیانکردووە و دواتر بە زاڵبونی خانەدانی هەخامەنشەکان، کە سەر بە هۆزی پارس بون زمانەکەیان گەشەیکردووە و بووە بە زمانی کارگێڕیی ناوچەکە. .(Frye. Richard N. 2011:30)

### 2) گۆڕانە دەنگییەکان لە زمانە ئێرانییە نوێیەکاندا (کوردیی و فارسی بەنموونە)

### 1/2) گۆڕانی دەنگە بزوێنەکان

بەدرێژایی مێژوی بەکارهێنانە زمانییەکان، گۆڕان دیاردەیەکی دیار و بەرچاوی زمانەوانیی بووە. زۆرترین گۆڕانیش دەنگەکانی گرتووەتەوە، بەمشێوەیە و دوای ئەو گۆڕانە دەنگییانە، زمانەکان لەناو خێزانە زمانێکدا جیابوونەتەوە و ئەو دوو شێوە بەکارهێنانەی، کە ئێستا بە دوو زمان دەناسرێن، لە یەک بنەڕەتەوە هاتوون و لەپاش گۆڕانکارییەکان بوون بە دوو زمانی سەر بەیەک خێزانە زمان.

لەبەش و پارەکانی پێشتردا دەربارەی گۆڕان و گۆڕانی زمانیی و دەنگیی خرایەڕوو. لەم پارەدا لایەنی کارەکیی گۆڕانەکان ڕووندەکرێنەوە، کە بەسەر دەنگەکاندا هاتوون لەنێوان دوان لە دەوڵەمەندترین زمانە ئێرانییە نوێیەکان، کە ئەوانیش کوردیی و فارسین. زمانە ئێرانییەکانیش بەپێی قۆناغ و لەکۆنترین قۆناغەوە نموونە و داتاکانیان لێوەرگیراوە و بەراورد کراون بە هەمان فۆڕمی وشە لە قۆناغەکانی دواتری زمانەکانی فارسیی و کوردیدا. لەبەرئەوەی فارسیی کۆن و ئاڤێستایی وەک بنەڕەت و سەرچاوە بۆ زمانە ئێرانییەکان لێیاندەڕوانرێت(چونکە تەنها لەم دوو زمانەدا نووسراو بەجێماوە)، بۆیە بەشێوازێکی گشتیی زمانی فارسیی کۆن وەرگیراوە و لەهەندێک باری دیکەیشدا(کاتێک وشەکانی فارسیی کۆن و ئاڤێستایی لەیەکتر جیاوازبن) زمانە ئاڤێستاییەکە بە نموونە هێنراوەتەوە. پاشان قۆناغی ناوەڕاست وەرگیراوە، کە هەرکام لە (پەهلەویی ساسانیی(فارسیی ناوەڕاست)، پەهلەویی ئەشکانیی(پارتیی)) دەگرێتەوە. ئەم وەرگرتنانەش لەپێناو بەراوردکردنی وشە ئێستاییەکانی زمانەکانی کوردیی و فارسیی بەو قۆناغانەی پێشتری زمانە ئێرانییەکان و دیاریی و دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانە و جیاوازییە دەنگییانەی، کەبەسەر فۆڕمی وشەکاندا هاتوون.

گۆڕانی دەنگەکان سەرجەمی پێکهاتەی زمان دەگرێتەوە. دەنگە بزوێنەکانیش وەک بەشێکی بنەڕەتیی و گرنگی پێکهێنەری قاڵب و دروستە زمانییەکان و تەنانەت دروستکردن و ناساندنی پێڕەوی بڕگەییانەی زمانەکان، بەدەرنابن لەگۆڕانەکان و بەپێی قۆناغەکان لەشێوە و گۆکردنی هەمەجۆردا دەردەکەون. "گۆڕانەکانیش نە بەپێی یاسایەکی گشتیی ڕوودەدەن، کەلەهەموو زمانەکاندا وەک یەک بێت، نە لە یەک زماندا بۆ هەموو حاڵەتەکان و گۆڕانکارییەکان وەکیەک دەبێت. لەبەرئەوە تەنها بە بەراوردکردنی شێوازە جۆربەجۆرەکانی وشەکانی زمانە هاوڕیشەکان(ئەو زمانانەی خاوەنی یەک ڕەگ و ڕیشەن)، یان شێوازە جیاوازەکانی یەک زمان بەدرێژایی مێژو، تا ڕادەیەک بتوانرێت یاسایەک دیاریبکرێت بۆ ئەم گۆڕانکارییانە". (ناتل خانلری، پرویز. 1395: 336). بەگشتیی

نموونەکان لە سێ قۆناغی جیاواز و دیاریکراودا وەردەگیرێن، ئەوانیش (قۆناغی کۆن، قۆناغی ناوەڕاست، قۆناغی نوێ)ن. سەرەتا پێویستە پیتە بزوێنەکان لەهەرکام لەو زمانانەدا بخرێنەڕوو:

- بزوێنەکانی قۆناغی کۆن (فارسیی کۆن (Old Persian(OP)

"بزوێنی سادە ← کورت a, i, u
← درێژ ā, ī, ū
Simple Vowel

بزوێنی لێکدراوDiphthong ← کورت ai, au
← درێژ āi, āu" (ارانسکی، یوسف میخائیلوویچ. 1386: 53)

هەروەها سێ پیتی دیکە لە فارسیی کۆندا هەن، کە دوولایەنەن، واتە هەندێکجار بزوێن و هەندێکجار نەبزوێنن، کە "پێیاندەوترێت(نیمچەبزوێن): (i, u, ṛ)". (ابوالقاسمی، محسن. 1394: 28).

- پیتە بزوێنەکانی ئاڤێستایی

"بزوێنەکان ← کورت a, i, u
← درێژ ā, i, ū ". (Jackson, A.V.W. 2014: xxxviii).

بێجگە لەوانەی سەرەوە، کە لە فارسیی کۆنیشدا هەن، ئاڤێستایی چەند بزوێنێکی تریشی هەیە، کە ئەلۆفۆنی بزوێنەکانی سەرەوەن، "ئەوانیش: (e, ē, ə, ə̄, o, ō, ą, å̄). هەروەها (ai)ی فارسیی کۆن لە ئاڤێستادا بەشێوەی (ōi،aē ) هاتووە. هەروەها (au)ی فارسیی کۆن لە ئاڤێستادا بەشێوەی (ao، ə̄u) هاتووە". (ابوالقاسمی. 1392: 3). هەروەها پیتە بزوێنەکانی قۆناغی ناوەڕاستی زمانە ئێرانییەکان (پەهلەویی ساسانیی"فارسیی ناوەڕاست"، پەهلەویی ئەشکانیی"پارتی") لەمانە پێکهاتوون:

| بزوێنە کورتەکان | بزوێنە درێژەکان |
|---|---|
| a<br>(e) i<br>(o) u | ā<br>ī یان (ē)<br>ū یان (ō) |

(آموزگار. تفضلی. 1392: 65).

پیتە بزوێنەکانی قۆناغی نوێ(زمانی کوردیی و فارسیی)

"پیتە بزوێنەکانی زمانی کوردیی: {ی(î)، ێ(ē)، ا (ā)، ۆ(ō)، وو(u)، ە(a)، و(o)، بزرۆکە(i)}". (رخزادی،علی. 1390: 74).

پیتە بزوێنەکانی زمانی فارسیی: "{ای (i)، او(ū)، آ (ā)، اُ (o)، اِ (e)، اَ (a)}". (گیوی،حسن احمدی. انوری،حسن. 1395: 6).

بزوێنە لێکدراوەکان: "{ای (āy)، وی(uy)، ـُـ ی (oy)، ـَـ ی (ay)، ـِـ ی(ey)، ـُـ و(ow)}، هەروەها دوو نیمچە بزوێنی هەیە: {و(w)، ی(y)}". (فرشیدورد،خسرو. 1394: 44).

گرنگترین ئەو گۆڕانانەی، کە بەسەر پیتە بزوێنەکانی قۆناغی کۆندا هاتووە تا گەیشتووەتە قۆناغی ناوەڕاست و دواتریش لە زمانەکانی کوردیی و فارسیدا:

1- بزوێنە سادەکانی ئێرانیی کۆن ئەگەر کەوتنە کۆتایی وشەوە، ئەوا لە قۆناغی ناوەڕاستدا لەناوچوون. بەهەمانشێوە لەقۆناغی نوێشدا لە زۆربەی بار(حاڵەت)ەکاند لەناوچوون.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| من min | من man | Man | mana- [1] |
| دوور dūr | دور dūr | Dūr | Dūra- |

[1] ئەم نیشانەیە لەزمانەکانی قۆناغی کۆندا بەکاردێت و بەواتای ئەوەدێت، کە ئەو وشەیە وەک چاوگ وایە و دۆخی ڕێزمانیی وەرنەگرتووە. بەوپێیەی لە قۆناغی کۆندا هەشت دۆخی ڕێزمانیی هەبوون و دواتر وردە وردە لەناوچوون.

(ابوالقاسمی. 1392: 5-6).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| dainā- | dēN | دین dīn | دین din |

(دوست، محمد حسن. 1395: 1401).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| dasta- | Dast | دست dast | دەست dast |
| rāsta- | Rāst | راست rāst | ڕاست rāst |

(باقری،مهری. 1380: 128).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| baxta- | baxt | بخت baxt | بەخت baxt |
| *[2]bāji- | bāj | باج bāj | باج bāj |
| *vi-tasti- | vitast | بدست(وجب) bi.dast | بست bist |
| *baršnu- | bašn | بشن(قیافه) bašn | بەژن bažin |

(دوست. 1395: 412 ،348، 425 ، 493).

هەر یەکێک لەو نموونانەی سەرەوە لە قۆناغی کۆندا بە بزوێنی سادە کۆتاییانهاتووە، بەڵام لە لە قۆناغەکانی ناوەڕاست و نوێدا بزوێنە کان لەناوچوون.

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *abi-sāhana- | afsān | افسانه afsāna | ئەفسانە afsāna |

(هەمان سەرچاوە. 384). لەکاتێکدا لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە بزوێنی کۆتایی وشەکە لە قۆناغی ناوەڕاستدا لەناوچووە، بەڵام لە قۆناغی نوێدا و لەهەردوو زمانی کوردیی و فارسیدا گەڕاوەتەوە. سەرەڕای گۆڕانکارییە دەنگییەکانی دیکەی لەم وشەیەدا هەیە، بەڵام بزوێنی کۆتایی وشەکە گەیشتووەتە قۆناغی نوێ.

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *kasi- | kas | کس kas | کەس kas |
| Av. dāuru- | dār | دار(درخت، چوب) ،dār | دار(تەختە، درەخت) dār |

(مطلق،جلال خالقی . 1394: 330، 208). بەهەمانشێوەی بزوێنەکانی دیکە، بزوێنی (u, i)ی قۆناغی کۆنی زمانە ئێرانییەکان لە کۆتایی وشەکاندا لە قۆناغی ناوەڕاست و قۆناغی نوێدا لەناوچووە.

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| Av. vahišta- | vahišt | بهشت bihišt | بەهەشت bahašt |

(دوست. 1395: 550).

لەم نموونەیەدا دەبینرێت بێجگە لە لەناوچوونی بزوێنی کۆتایی، هەروەها چەند گۆڕانکارییەکی تر، کە بەچڕیی لەپاری دوهەمدا ئاماژەپێدەدرێت بەسەر دەنگەکاندا هاتووە. ئەم وشەیە لە قۆناغی کۆن تەنها بەواتای (باشترین)، واتە "ئاوەڵناوی پلەی باڵا". کەچی لە قۆناغی ناوەڕاستدا واتاکەی فراوانبووە و بێجگە لە (باشترین) واتای (بەهەشت)یشی وەرگرتووە. لەکاتێکدا لە قۆناغی نوێدا(کوردیی و فارسیی) تەنها بە واتای (بەهەشت) دێت. لێرەدا گۆڕانە دەنگییەکە گۆڕانی سیمانتیکیی(واتایی)شی بەدوای خۆیدا هێناوە. بەمجۆرەیە، کە گۆڕانە دەنگییەکان سەرلەبەری پێکهاتە زمانییەکە دەگۆڕن و کاریگەریی گۆڕانە دەنگییەکان بەسەر تەواوی جەستەی زمانەوە دەردەکەوێت.

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| maškā- | Mask | مشک mašk | مەشکە maška |

[2] ئەم نیشانەیە واتە ئەو وشەیە لەبەر ڕۆشنایی وشەکانی دیکە، یان لەسەر بنەمای ڕەگ نوێکراوەتەوە.

(باقری. 1396: 128).

ئەوەی جێگای سەرنج و گرنگیی پێدانە، لەم وشەیەدا تەنها لە زمانی کوردیدا بزوێنی کۆتایی هاتووەتەوە و فۆرمی وشەکە هەمان شێوازی قۆناغی کۆنی وەرگرتووەتەوە. لەکاتێکدا لەهەرکام لە قۆناغی ناوەڕاست و زمانی فارسیی قۆناغی نوێشدا، بزوێنی کۆتایی تیاچووە.

هەندێکجار تەنها بزوێنی کۆتایی لەناونەچووە، بەڵکو نەبزوێنی پێش بزوێنەکەش لەناودەچێت،. وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

| ژ | ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Op. *dāyaka- (شیرپێدان-مژین) Av. dā(y)- | Dāyak | به واتای(دایەن) dāya | دایک dāik |
| 2 | *āsya- | Āš | آش، بەواتای خۆراک āš | āš "ئاش"لە شێوەزاری گەرمیاندا بەواتای چێشت و خواردن دێت. |
| 3 | *vāta- | Vāt | باد bād | با bā |
| 4 | bandaka- | bandak | بنده banda | بەندە banda |
| 5 | *vahānaka- | vahānak | بهانه bahāna | بەهانە bahāna |
| 6 | *vaiti- | wēd | بید bēd | بی bī |
| 7 | *pančaka- | panĵag | پنجه(انگشت) panĵa | پەنجە panja |
| 8 | *tapa- | Tab | تب tab | تا tā |
| 9 | *dauga- | dūɣ | دوغ dōɤ | دۆ dō |

(دوست. 1395: 1263، 69، 352، 518، 548، 561، 728، 828، 1374).

لەنموونەی یەکەمدا دەبینرێت، کە لە ئاڤێستایی و فارسیی کۆندا وەک یەکن، تەنها لە فارسیی کۆندا پاشگری (aka)ی پێوەیە. لەقۆناغی ناوەڕاستدا بزوێنی کۆتایی وشەکە لەناوچووە. هەروەها لە زمانی فارسیشدا نەبزوێنی پێش بزوێنی کۆتایی، واتە فۆنێمی (k) لەناوچووە. کەچی لە زمانی کوردیدا تەنها بزوێنی کۆتایی وشەکە لەناوچووە. بەمجۆرە دەبینرێت، گۆڕانەکان بەپێی سەردەم و قۆناغە زمانییەکان هەمەجۆر و جیاوازن. دەشێت تەنها بزوێنێک لە زمان و قۆناغێکدا بگۆڕێت، لەکاتێکدا لەهەمان قۆناغی زمانێکی دەستە خوشکدا، ئەو گۆڕانە ڕووی نەدابێت، یان بەجۆرێکی دیکە گۆڕابێت. لەنموونەی (2)شدا، بێجگە لە بزوێنی کۆتایی، فۆنێمێکی پێش بزوێنی کۆتایش لە سەرجەم قۆناغەکاندا لەناوچووە. هەروەها لە قۆناغی کۆن و ناوەڕاست و فارسیی نوێشدا، بە واتای (خواردن) دێت، بەڵام هەمان وشە لە زمانی کوردیدا، جگە لە (خواردن)، بە واتای شوێنی دروستکردنی (ئارد)یش دێت.

لەنموونەی سێهەمیشدا، سەرەڕای گۆڕانکارییەکانی دیکە، دەبینرێت لە قۆناغی کۆندا بەبزوێن کۆتایی هاتووە. لە قۆناغی ناوەڕاستدا بزوێنەکە لەناوچووە. بەهەمانشێوە و لە قۆناغی نوێدا(تەنها زمانی فارسیی)، بزوێنەکەی لەناوچووە. بەڵام لە زمانی کوردیدا، جگە لە بزوێنەکە، فۆنێمی پێش بزوێنەکەیش لەناوچووە. لە نموونەی چوارەمدا، سەرەڕای گۆڕانە دەنگییەکان، واتاکانیش فراوانبوون. لە قۆناغی کۆن و ناوەڕاستدا تەنها بەواتای (کۆیلە و خزمەتکار) هاتووە. بەڵام لە قۆناغی نوێدا بێجگە لە واتای (کۆیلە و خزمەتکار)، واتای جێناوی کەسی یەکەمی تاکیش دەگەیەنێت، واتە (من). هەروەهە دەبینرێت لە قۆناغی ناوەڕاستدا تەنها بزوێنەکە لەناوچووە، بەڵام لە قۆناغی نوێدا (کوردیی و فارسیی)، نەبزوێنی پێش بزوێنەکەیش لەناوچووە. لەنموونەکانی دیکەشدا بەهەمانشێوە گۆڕانی جیاواز بەپێی قۆناغەکان بەدیدەکرێت. لە هەندێکیاندا بزوێنی کۆتایی و نەبزوێنێکیش پێکەوە لەناوچوون(نموونەکان زیاتر لە زمانی کوردیدا ئەمە دەسەلمێنن. پێویستمان بەنموونەی زیاتر دەبێت، بەڵام سنوری توێژینەوەکە ڕێگەنادات).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *bū-tā | Būt | بود būd | بوو bū |
| *dī-ta- | Dīd | دید dīd | دی(بینی) dī |

(منصوری، یدالله. 1384: 47).

لەم دوو نموونەیەشدا بەهەمانشێوە جیاوازییەکان لەنێوان قۆناغی کۆن و نوێدا، دوو فۆنێمی کۆتایی دەگرێتەوە، کە لە قۆناغی نوێدا (زمانی کوردیی)، بزوێنی کۆتایی و نەبزوێنی پێش ئەویش لەناوچوون، لەکاتێکدا لە زمانی فارسیدا تەنها بزوێنی کۆتایی لەناوچووە، بەڵام فۆنێمی (t)یش بەهەمانشێوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (d). هەروەها بزوێنەکانی (ī ،ū) لە ناوەڕاستی وشەدا هاتبن، وەک خۆیان ماونەتەوە.

بزوێنەکانی (ā, a, ū, u, ī, i) ئەگەر لە ناوەڕاستی وشەکاندا هاتبن، زۆرجار وەک خۆیان ماونەتەوە. ئەمەش بەرەو ئەو ئەنجامەمان دەبات، کە بزوێنەکانی کۆتایی پێکهاتە وشەییەکان زیاتر توشی گۆڕان(زیاتر لەجۆری لەناوچوون) ببنەوە. وەک لە خشتەی خوارەوەدا بەنموونەوە ڕووندەکرێنەوە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ئازاد āzād | آزاد āzād | Āzād | āzātā- |
| فەرمان Farmān | فرمان/حکم/امر farmān | Framān | framāna- |

(ناتل خانلری. 1395: 342).

بزوێنی (a) لە سەرەتای وشەدا هەندێکجار وەک خۆی ماوەتەوە، هەندێکجاریش لەناوچووە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ئاسمان āsmān | آسمان āsmān | Asmān | asmānam |

(دوست. 1395: 64).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| سوار swār | سوار savār | Aswār | asabāra- |

( ناتل خانلری. 1395: 340).

وەک لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەپێدرا، کە جگە لەم پیتە بزوێنانە، تایپێکی دیکەی بزوێن لە زمانە ئێرانییەکاندا بەدیدەکرێت و بە بزوێنە لێکدراوەکان ناسراون و ئەمانیش لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی زمانە ئێرانییەکاندا گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. بۆنموونە و بەگشتیی لە قۆناغی کۆن بۆ ناوەڕاست بەمشێوەیە گۆڕاون:

ae/ai ⟶ ē
ao/au ⟶ ō

(باقری. 1396: 129).

هەمان ئەم بزوێنانەی لە قۆناغی نوێدا یان وەک قۆناغی ناوەڕاست ماونەتەوە، یاخود بەپێی هەرکام لە زمانەکانی کوردیی و فارسیی گۆڕاون. بۆنموونە لە زمانی فارسیدا بەزۆریی دەبێت (ū)، لە کاتێکدا لە زمانی کوردیدا هەندێکجار دەبێت بە (ō) و وەک قۆناغی ناوەڕاست دەمێنێتەوە، هەندێکجاریش بەهەمانشێوەی زمانە دەستە خوشکەکەی(فارسیی)، دەبێت بە (ū).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| دۆش. ڕەگی "دۆشین" dōš | دوش "دوشیدن" dūš | dōš | *dauxš-a- |

(یدالله. 1384: 48).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ڕۆژ rōž | روز rūz | rōz | raučah- |
| درۆ drō | دروغ durūɣ | drōg | drauga- |

(باقری. 1396: 130). لەهەریەکێک لەم نموونانەی سەرەوەدا بزوێنی لێکدراوی (au)، لە قۆناغی ناوەڕاستدا گۆڕاوە بە (ō). کەچی لە قۆناغی نوێی زمانی فارسیدا بووە بە (ū)، لە کوردیشدا وەک قۆناغی ناوەڕاست ماوەتەوە و نەگۆڕاوە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ڕۆشن rōšin | روشن rōšan | rōšan | *rauxšna- |

(مطلق. 1393: 246).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| هۆش hōš | هوش hūš/hōš | (h) ōš | *auš- |

(دوست. 1395: 67).

لەم دوو نموونەیەدا دەبینرێت(au)ی قۆناغی کۆن لە قۆناغی ناوەڕاست و نوێشدا(کوردیی، فارسیی) بوون بە (ō). هەروەها وشەی (هوش) لە فارسیدا بەهەرکام لە (hōš) و (hūš)یش دەخوێنرێتەوە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| سوێند swēnd | سوگند sōgand / sawgand | sōgand | * saukanta- |

(هەمان سەرچاوە. 74).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| کێو kēw | کوه kōh | kōf | kaufa- |

(ابوالقاسمی. 1392: 6).

لەم دوو نموونەیەشدا (au)ی قۆناغی کۆن لە قۆناغی ناوەڕاستدا بووە بە (ō). لە قۆناغی نوێی فارسیدا وەک قۆناغی ناوەڕاست ماوەتەوە. لە زمانی کوردیشدا لە وشەی (سوێند)دا گۆڕاوە بۆ (w). لە وشەی (کێو)یشدا گۆڕاوە بۆ (ē).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| دین dīn | دین dīn | dēn | *daina- |
| تیژ tīž | تیز tēz | tēz | *taiĵa- |

(دوست. 1395: 931).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| دێو dēw | دیو dēw | dēv | daiva- |

(باقری. 1396: 129).

ئەگەر لەو نموونانەی سەرەوە بڕوانرێت، بەڕوونیی هەست بەو گۆڕانە دەنگییانەی دەکرێت، کە بەسەر دروستە و قاڵبی وشەکاندا هاتووە. بۆنموونە (ai)ی قۆناغی کۆن لە قۆناغی ناوەڕاستدا بووە بە (ē)، لەکاتێکدا لە زمانە نوێیەکانی ئێرانییەکاندا(کوردیی، فارسیی)، هەندێکجار بووە بە (ē) و هەندێکجاری دیکەش بووە بە (ī).

**2/2) گۆڕانی دەنگە نەبزوێنەکان**

**1-2/2) پیتە نەبزوێنەکانی زمانە ئێرانییەکان**

1- زمانی فارسیی کۆن/ فۆنێمەکان بە بزوێن و نەبزوێنەوە قاڵب و بڕگە و دروستە زمانییەکان پێکدەهێنن. پێشتر پیتە بزوێنەکانی زمانە ئێرانییەکان (کۆن و نوێ) دیاریکران، هەروەها ئەو گۆڕانکاریی و ئاڵوگۆڕانەش، کە بەسەر بەشێکی پیتە بزوێنەکاندا هاتوون. لێرەشدا پیتە نەبزوێنەکان دیاریی و دەستنیشاندەکرێن. ژمارەی پیتەکانی فارسیی کۆن (36) نیشانەیە. "وەکچۆن بزوێنەکان دیاریکران و (3) نیشانەی بزوێن(u, i, a)، لە فارسیی کۆندا نیشاندەری (10) دەنگی بزوێن بوون. هەروەها (22) هێما بۆ نیشاندانی نەبزوێنەکانن بەتەنها و لەباری پێویستیشدا لەگەڵ (a) بەکاردێن.

C / C$^{a}$

کۆنسنات + a/ کۆنسنانت

چوار هێمای دیکەش بۆ نیشاندانی: نەبزوێن+ i    C$^{i}$

حەوت هێمای دیکەش بۆ نیشاندانی: نەبزوێن+ u    C$^{u}$".

ئەمانەش هێمای دەنگ و پیتەکانی فارسیی کۆنن:

{p/p$^{a}$, t/t$^{a}$, č/č$^{a}$, k/k$^{a}$, b/b$^{a}$, d/d$^{a}$, j/j$^{a}$, g/g$^{a}$, f/f$^{a}$, θ/θ$^{a}$, x/x$^{a}$ , h/h$^{a}$ , s/s$^{a}$ , š/š$^{a}$ , Ç/Ç$^{a}$ , z/z$^{a}$, m/m$^{a}$, n/n$^{a}$, r/r$^{a}$, l/l$^{a}$, y/y$^{a}$, v/v$^{a}$, j$^{i}$, m$^{i}$, d$^{i}$ , v$^{i}$, r$^{u}$, t$^{u}$, d$^{u}$, k$^{u}$, g$^{u}$, m$^{u}$, n$^{u}$}

(کنت. ۱۳۹۱: ۷٤).

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت شێوازی نووسینی فارسیی کۆن، کە بەخەتی بزماریی بووە، تا ڕادەیەک شێوازی نووسینی بڕگەیی لەخۆ گرتووە. چونکە هەندێک لە دەنگەکانیان بە بڕگە دەربڕیوە و نیشانە و هێمایان بە بڕگە بۆ داناون و هەندێکی دیکەشیان بەفۆنێم نیشانداوە.

2- پیتە نەبزوێنەکانی زمانی ئاڤێستایی:

{k, x, x́ , x$^{v}$, g, ġ, ɣ, c, j, t, θ, d, δ, ţ , p, f, b, β, ŋ, ŋ́, ŋ$^{v}$, n, ń, ṇ, m , m, , ẏ, v, r, ş̌, s, z, š, ž, š́, y, " " h, w}

(Jackson. 2014, xxxviii)

(ţ، ŋ́) ئەلۆفۆنی (ŋ, t)ن، هەروەها ŋ ئەلۆفۆنی (n)ە. (ابوالقاسمی. ۱۹۳۲: ٥).

3- نەبزوێنەکانی ئێرانیی ناوەڕاست:

" [ p, t, Č, k, b, d, ĵ, g, f, s, š, x, h, z, (ž), (ɣ), m, n, l, r, w, y] " (آموزگار، ژاله و تفضلى. 1392: 65).

(ɣ، ž)، لە فارسیی ناوەڕاستدا لە وشە وەرگیراوەکانەوە هاتوونەتە ناو زمانەکەوە. (b, g, d)، بە (ذ)δ ، (غ)ɣ ، v دەربڕدراون).

"هەروەها (x$^{v}$)ی ئاڤێستایی بە فارسیی ناوەڕاست گەیشتووە. هەندێک لەو وشانەی، کە ئەم دەنگەیان تێدابوو، لە خەتدا بە (xw) نیشاندراون. هەندێ تر بە (xu). هەروەها لە پەهلەویی ئەشکانیدا(پارتیی)، بووە بە (wx)، کە دیارنییە چۆن دەربڕراوە". (ابوالقاسمی. 1394: 113).

4- نەبزوێنەکانی زمانە ئێرانییە نوێیەکان(کوردیی و فارسیی)

- نەبزوێنەکانی زمانی کوردیی: دیاریکردنی پیتەکانی زمانی کوردیی تا ئێستا جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆی زمانەوانە کوردەکانە. بەگشتیی چەند بۆچوونێک بەدیدەکرێت سەبارەت بە ژمارەی پیتەکانی زمانی کوردیی. هۆکاری ئەو جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی ستاندارد، کە سەرجەمی پێواژۆ زمانییەکانی لەخۆگرتبێت و لە تەواوی ناوەند فەرمیی و ئەکادیمیی و دامودەستگاکانی سەرتاسەری کوردستاندا بەکاربهێنرێت. دەبێ ئەوە بزانرێت، کە ژمارەی پیت و دەنگ، دەشێت پەیکاڵ(مطابق)نەبن بەیەک. بۆنموونە زمانی کوردیی بۆ گۆکردنی (37)دەنگ، سودی لە (34) پیتی ئەلفبێی (ئارامیی-عەرەبیی) وەرگرتووە. هەندێک ژمارەی پیتەکانی زمانی کوردیی بە (37) پیت دادەنێن. (بڕوانە: ساڵحی، ئارام. 2012: 2). نەبزوێنەکانی زمانی کوردیی لە (29)پیت پێکهاتوون: "ئ، ب، پ، ت، چ، ج، خ، ح، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، ل، ڵ، گ، م، ن، ه، و، ی". (خۆشناو. 2013: 11).

- نەبزوێنەکانی زمانی فارسیی لەم پیتانە پێکدێن:

" - (ا)، ʔ(ء)، b (ب)، p(پ)، t(ت)،θ (ث)، j(ج)، č (چ)، h(ح)، x(خ)، d(د)، z(ذ)، r(ر)، z(ز)، ž (ژ)، s(س)، š(ش)، s(ص)، z(ض)، t(ط)، z(ظ)، ʔ(ع)، ɣ(غ)، f(ف)، ğ (ق)، k(ک)، g(گ)، l(ل)، m(م)، n(ن)، v(و)، h(هـ)، y(ی)" (گیوی،حسن احمدی و انوری،حسن. 1394: 5).

**2-2/2) گرنگترین ئەو گۆڕانانەی، کە بەسەر دەنگە نەبزوێنەکاندا هاتوون:**

- دەنگی (p) لە قۆناغی ناوەڕاستدا و لەدوای دەنگی بزوێنەوە، هەندێکجار گۆڕاوە بۆ (b)، لە قۆناغی نوێ(فارسیی)دا بە (b) ماوەتەوە، کەچی لە زمانی کوردیدا گۆڕاوە بۆ (w).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ئاو āw | آب āb | āb | Av. āp-<br>Op. āpi- |

(ابوالقاسمی. 1392: 8).

پیتەکانی (p, t, k)، سێ نەبزوێنی کپن. کاتێک لەتەنیشت بزوێن یان نەبزوێنەکانی (r, n)ەوە بێن، دەگۆڕین بۆ دەنگی گڕ(دەنگدار). بەمشێوەیە: [k → g ,t → d ,p → b].

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *upa-raiš(a)ma- | abrēšum | آبریشم abrēšum | ئاوریشم āwrīšim |
| *tapara- | tapar | تبر tabar | تەور tawir |

(دوست. 1395: 151، 831).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *Čarpa- | Čarp | چرب Čarb | چەور Čawr |
| *xšapa- | šap | شب šab | شەو šaw |

(باقری. 1396: 140، 153).

لە ڕاوانگەی نموونەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە پیتی (p)ی قۆناغی کۆن لە قۆناغی نوێدا یان گۆڕاوە بە (b)، یان وەک خۆی ماوەتەوە. گۆڕانەکان تا قۆناغی نوێ درێژەدەکێشن و لە زمانی فارسیدا بەیەکجاریی دەبن بە (b)، لەکاتێکدا لە زمانی کوردیدا دەبن بە (w). کەچی هەندێکجار لەهەموو قۆناغەکاندا وەک خۆیان ماونەتەوە:

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *paes- | pēs | پیس pēs | پیس pīs |

(منصوری. 1384: 48). لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە پیتی (p) لە هەموو قۆناغەکاندا وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام واتاکەی بەپێی قۆناغەکان جیاوازە. بۆنموونە لە قۆناغی کۆندا بەواتای (ڕەنگکردن) دێت. لە قۆناغی ناوەڕاستدا بە واتای (گولیی- جۆرێکە لە نەخۆشیی پێست-) هاتووە. بەهەمانشێوە لە قۆناغی نوێشدا(زمانی فارسیی) بەواتای نەخۆشییەکی پێست دێت، کەچی لە زمانی کوردیدا بەواتای (خاوێن نەبوون، دژی پاک) دێت. هەمان دەنگ و پیت لەنموونەیەکی وەک (ئەسپ)دا لە تەواوی قۆناغەکاندا(جگە لە زمانی فارسیی نوێ، کە بووە بە (b))، وەک خۆی ماوەتەوە.

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| aspa- | asp | اسب asb | ئەسپ asp |

(ابوالقاسمی. 1392: 8).

لەم دوو نموونەیەدا (p) لە قۆناغی ناوەڕاستدا وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە قۆناغی نوێی هەردوو زمانی کوردیی و فارسیدا بووە بە (b):

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| Vi-vāpāna- | viyāpān | بیابان biyābān | بیابان biyābān |

(دوست. 1395: 556).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *apa- zāra- | apēzār | بیزار bēzār | بێزار bēzār |

(هەمان سەرچاوە. 567).

هەندێکجاریش لە قۆناغی نوێدا (p) دەبێت بە (f) . هەندێکجاریش تەنها لە زمانی فارسیدا ئەم گۆڕانە دەنگییە ڕوودەدات و لە زمانی کوردیدا وەک خۆی دەمێنێتەوە:

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *spaita- | spēt | سفید sifed/sipēd | سپی spi |

(مطلق. 1394: 273).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| piru- | pīl | فیل/پیل pīl / fīl | فیل fīl |

(دوست. 1395: 785).

هەندێکجاریش (p) لە قۆناغی نوێدا بووە بە (w) یان (v). لە زمانی فارسیدا (w)، بە (v) گۆدەکرێت.

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| napāt- | nap | نوه nava | نەوە nawa |

(باقری. 1396: 139).

زۆربەی جارەکانیش (p) لە هەموو قۆناغەکاندا وەک خۆی ماوەتەوە. بۆنموونە

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *pati-kara- | patkār | پیکار paykār | پەیکەر paikar |
| *pati-māna- | paymān | پیمان paymān | پەیمان paymān |

(حسن دوست. 1395: 783، 788).

هەندێکجار گۆڕانە دەنگییەکەی (p) دوو لایەنە یان دوو جۆرە. بۆنموونە لە زمانی فارسیدا گۆڕاوە بە (b)، کەچی لە زمانی کوردیدا لەناوچووە. وەک:

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *tapa- | tab | تب tab | تا ta |

(حسن دوست. 1395: 728).

- پیتی (b)

ئەم دەنگە بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان گۆڕان و فرە دەرکەوتنی هەیە. بۆنموونە هەندێکجار لە قۆناغی ناوەڕاست و زمانی فارسیدا هەر وەک خۆی ماوەتەوە، لەکاتێکدا لە زمانی کوردیدا بووە بە (w).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *fra-dab-a | frēb | فریب farib | فریو/داو firīw/daw |

(منصوری. 1384: 48). لەم نموونە جگە لە لەناوچوونی بزوێنی کۆتایی، لە زمانی فارسیی ناوەڕاست و فارسیی نوێدا دەبینرێت، کە پیتی (b) وەک خۆی ماوەتەوە. هەندێک گۆڕانکاری دیکەیش ڕوویانداوە. پێشگر و وشەکە تێکەڵی یەکتربوون، بەڵام لە زمانی کوردیدا دوو جۆر دەرکەوتنی هەیە، لە یەکێکیاندا، پێشگرەکە لەناوچووە، تەنها وشەکە ماوەتەوە و پیتی (b) گۆڕاوە بە (w) و وشەکە فۆڕمێکی نوێی وەرگرتووە و بووە بە (داو). لە فۆڕمەکەی دیکەشیدا وەک فارسیی نوێ و ناوەڕاست پێشگر و وشەکە تێکەڵ بەیەکتر بوون بووە بە (فریو).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *abra- | avr | آبر abr | هەور hawr |

(دوست. 1395: 148).

لەم نموونەی سەرەوەدا (b)ی قۆناغی کۆن لە قۆناغی ناوەڕاستدا بووە بە (v)، لە زمانی فارسیدا بە (b) ماوەتەوە، لە زمانی کوردیشدا بووە بە ( u ، و ).

لەم نموونەیەشدا دەبینرێت، کە (b)ی قۆناغی کۆن بووە بە (w) لە قۆناغەکانی ناوەڕاست و نوێدا.

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *asabāra- | aswār | سوار savār | سوار swār |

(خانلری. 1395: 341).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *ā-bṛta- | āvardan | آوردن āvardan | هاوردن hawrdin |

(مطلق. 1394: 20). هەندێکجاریش (b)ی قۆناغی کۆن لە قۆناغی نوێدا بووە بە (p).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| pizišk پزیشک | pizišk پزشک | bizišk | *bizaška- |

(حسن دوست. 1395: 687).

- پیتی (d)

ئەمیش وەک زۆرێک لە دەنگەکانی دیکە، گۆڕانی هەمەجۆری بەسەردا دێت. بۆنموونە کاتێک لەتەنیشت بزوێنێکەوە هاتبێت، گۆڕاوە بۆ (y) یان (h). هەندێکجاریش وەک خۆی ماوەتەوە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| da دە، (ڕەگی ڕابردوی "دان") | dah ده | dah | dā/ *dad-a- |

(منصوری. 1384: 49). لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە (d)ی سەرەتای وشەکە وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام (d)ی ناوەڕاستی وشەکە لە قۆناغی ناوەڕاست و فارسیدا گۆڕاوە بۆ (h). بەڵام لە زمانی کوردیدا لەناوچووە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| supā سوپا | sepāh سپاه | spāh | spāda- |

(باقری. 1396: 134). لەم نموونەیەشدا (d) گۆڕاوە بۆ (h)، بەڵام لە زمانی کوردیدا لەناوچووە. ئەوەی گرنگە دەنگی (d)، لە سەرەتای وشەدا وەک خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕاوە. لەم نموونەیەی خوارەوەشدا دەبینرێت، کە دەنگی (d)ی سەرەتا وەک خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕاوە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| dast دەست | dast دست | dast | dasta- |
| dēw دێو | dīv دیو | dēw | Av. daēva- |

(ابوالقاسمی. 1392: 9).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| bast بەست، ڕەگی (بەستن) | band بند، ڕەگی (بستن) | band | *band-a- |

(منصوری. 1384: 49). لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە دەنگی (d)ی کۆتایی وەک خۆی ماوەتەوە، تەنها ئەوەنەبێت، کە لە زمانی کوردیدا گۆڕاوە بە (t). هەروەها (d) یان (δ - ذ)، کاتێک لەنێوان دوو بزوێندا هاتووە، لە قۆناغی نوێدا گۆڕاوە و بووە بە (y) و بزوێنی لێکدراو دروستبووە. وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| may مەی | may می | may | *madu-<br>Av. maδu- |

(خانلری. 1395: 344).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| paik پەیک | payk پیک | paik | Av. *padika- |

(خالقی مطلق. 1394: 137).

- پیتی (t)

زۆرجار (t) گۆڕاوە بۆ (d)، وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| āzād ئازاد | āzād آزاد | āzāt | *ā-zāta- |
| pand پەند | pand پند(آندرز) | pand | *pantā- |

(دوست. 1395: 442، 728).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| هەمەدان hamadān | همدان hamadān | hamatān | hagmatāna- |

(باقری. 1396: 130).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| مەرد(پیاوەتیی) mard | مرد(پیاو) mard | mart | *martya- |

(خالقی مطلق: 1394: 379). لەهەر یەکێک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت، کە (t)ی قۆناغی کۆن، لە هەرکام لە زمانەکانی کوردیی و فارسیی قۆناغی نوێدا، کاتێک لەتەنیشت بزوێن یان نەبزوێنەکانی (r, n)دا هاتبێت، گۆڕاوە بۆ (d).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| بوو bu | بود būd | būt | *bū-ta- |

(منصوری. 1384: 47).

لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە دەنگی (t) لە زمانی فارسیدا بووە بە (d)، بەڵام لە زمانی کوردیدا لەناوچووە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| بست bist | بدست(وجب) bi-dast | vitast | *vi-tasti- |

(دوست. 1395: 425).

لەم نموونەیەدا سەرەڕای گۆڕانکارییەکی زۆر، (t)ی قۆناغی کۆن لە قۆناغی نوێی زمانی فارسیدا بووە بە (d)، بەهەمانشێوە لە زمانی کوردیدا لەناوچووە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| با bā | باد bād | wād | *vāta- |

(خانلری. 1395: 348).

لەم نموونەیەشدا بەهەمانشێوە گۆڕانە دەنگییەکان لە دو جۆردا دەردەکەون، یان ئاڵوگۆڕ لەنێوان دوو دەنگدا کراوە، کە ئەوانیش دەنگەکانی (t) و (d)ن، یان دەنگ لەناوچووە، وەک لەنێوان قۆناغی کۆن و نوێی(زمانی کوردیی) زمانە ئێرانییەکاندا بەرچاودەکەوێت. هەندێکجاریش دەنگی (t) وەک خۆی ماوەتەوە. بۆنموونە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| تیر tīr | تیر tīr | Tīr | *tigra- |

(باقری. 1396: 130).

هەندێکجاریش دەنگی (t) دەگۆڕێت بۆ (y). وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| پاییز pāyīz | پاییز pāyīz | pātēz | *pāti-z(a)ya- |
| پەیمان Paymān | پیمان Paymān | patman | *pati-māna- |

(دوست. 1395: 629، 788).

- پیتی (g)ی ئێرانیی کۆن، زۆرجار لە زمانە نوێیەکان وەک زمانی فارسیدا دەگۆڕێت بۆ [ɣ(غ)]، کەچی لە زمانی کوردیدا بە زۆریی لەناوچووە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| دۆ dō | دوغ dōɣ | dūɣ (پارتیی) | *dauga- |
| پەیام payām | پیغام payɣām | Paygām | *pati-gāma- |

(هەمان سەرچاوە. 1374، 781).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| درۆ drō | دروغ duruɣ | Drōg | *drauga- |

(باقری. 1396: 143).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ڕۆن rōn | روغن rōɣan | rōgan | *raugna- |

(خالقی مطلق. 1394: 247).

لە هەریەکێک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت، کە دەنگی (g)ی قۆناغی کۆن لە قۆناغی ناوەڕاستدا هەر بە (g) ماوەتەوە. لەکاتێکدا لە قۆناغی نوێ(فارسیی)دا، بووە بە [ɣ (غ)]. هەروەها لە زمانی کوردیدا لەناوچووە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| تێخ(موس) tēx | تیغ tēɣ | tēx | *taiga- |

(دوست. 1395: 932).

بەڵام لەم نموونەیەدا دەنگی (g) لە قۆناغی ناوەڕاستدا بووە بە (x)، لە زمانی فارسیدا بووە بە (ɣ)، بەڵام لە زمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە سەر قۆناغە ناوەڕاستەکە و دەبێتەوە بە (x).

لەهەندێک باردا دەنگی (g) لە هەردوو زمانی کوردیی و فارسیدا لەناوچووە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| تیر tīr | تیر tīr | tigr | tigra- |
| هەمەدان hamatān | همدان hamadān | hamatān | hamgmatāna- |

(باقری. 1396: 144). لەم نموونەیەدا دەنگ و پیتی (p)، لە قۆناغی کۆندا هەبووە، بەڵام لە زمانی کوردیی و فارسیدا لەناوچووە.

زۆرجاریش (g) وەک خۆی ماوەتەوە و گەیشتووەتە قۆناغی نوێ:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| گەرم garm | گرم garm | garm | garma- |

(خانلری. 1395: 346).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ئاهەنگ āhang | آهنگ āhang | āhang | ā-hanga- |

(حسن دوست. 1395: 136).

- پیتی (k)

بەزۆری ئەم پیتە لە قۆناغی ناوەڕاستدا بووە بە (g). بەڵام لە قۆناغی نوێدا هەندێکجار لەناوچووە، یان هەندێکجار لەبەرئەوەی زمانی کوردیی و فارسیی درێژکراوەی ئەم سێ قۆناغەی زمانە ئێرانییەکانن، بۆیە بەهەمانشێوەی گۆڕانەکەی قۆناغی ناوەڕاست بووە بە (g). گۆڕانەکانیش بەمجۆرە بوون:

ئەگەر پیتی (k) کەوتبێتە نێوان دوو بزوێنەوە، ئەوا گۆڕاوە بۆ (g). بۆنموونە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ئاگا āgā | آگاه āgāh | āgāh | ākāθa- |

(خانلری. 1395: 350).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| سوێند swēnd | سوگند sōgand | sōgand | *saukanta- |
| برۆ brō | آبرو abru | brūg | *abrūka |

(دوست. 1395: 67، 150).

هەروەها هەندێکجاریش وەک خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| کرد kird | کرد kard | kard | karta- |

(منصوری. 1384: 50).

- پیتی [č] (چ)

[č](چ)]ی قۆناغی کۆن هەندێکجار لە زمانی فارسیدا بووە بە (z)، لە زمانی کوردیدا بەزۆریی بووە بە (ž)، یان وەک زمانی فارسیی بووە بە (z).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ڕۆژ rōž | روز rūz | rōz | raučah - |

(باقری. 1396: 130).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| پیاز piyāz | پیاز piyāz | ——— | *piyāčā- |

(دوست. 1395: 761).

هەندێکجاریش (č)ی قۆناغی کۆن، لە قۆناغی نوێدا بووە بە (j). بۆنموونە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| پێنج pēnj | پنج panj | panj | *panča- |

(ابوالقاسمی. 1392: 10).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| هەنجیر hanjīr | انجیر anjīr | anjīr | *ana-čiθra- |

(دوست. 1395: 286).

دەنگی (č) لەسەرەتای وشەدا وەک خۆی ماوەتەوە. بۆنموونە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| چەور čawr | چرب čarb | čarp | *čarpa- |
| چەکوش čakuš | چکش čakuš | čakuč | *čakuš |

(هەمان سەرچاوە. 1007، 1036).

- پیتی (ǰ)

(ǰ)ی قۆناغی کۆن، لە زمانی فارسیدا بەزۆریی بووە بە (z)، لە زمانی کوردیشدا بەزۆریی بووە بە (ž)، کەواتە (j)، لە دوای نەبزوێنەوە بێت، دەبێت بە (ž) یان (z). بۆنموونە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ژن žin | زن zan | zan فارسیی ناوەڕاست<br>žan (پەهلەویی ئەشکانیی) | ǰani- |

(منصوری. 1384: 50).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| تیژ tīž | تیز tēz | tēz | *taiǰa- |

(دوست. 1395: 931).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| هەرزان harzān | ارزان arzān | arzān | Av.arəǰāna- |

(خانلری. 1395: 348).

هەندێکجاریش ئەم دەنگە لە سەرجەم قۆناغەکاندا وەک خۆی ماوەتەوە. وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ئەنجام anĵām | انجام anĵām | hanĵām | *ham-ĵāma- |

(منصوری. 1384: 50).

- پیتی (z)

بەهەمانشێوەی دەنگەکانی دیکە، یان وەک خۆی ماوەتەوە، یان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەوەی، کە گرنگبێت بۆ ئەم توێژینەوەیە، دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانانەیە، کە بەسەر دەنگەکاندا هاتووە. هەندێکجاریش بۆئەوەی باری گۆڕانەکە جوانتر دەربخرێت، ئەو جێکەوتانەیش خراونەتەڕوو، کە هیچ گۆڕانێکی تێدا ڕوونەداوە. ئەم دەنگە هەندێکجار بووە بە (d). هەندێکجاری دیکەیش بەپێچەوانەی یاسا گشتییەکانی گۆڕانی دەنگییەوە، بووە بە (ž). لەم نموونەیەدا (z) لەهەردوو زمانی کوردیی و فارسیدا بووە بە (d). وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| دڵ diĺ | دل dil | dil | Av.zərəd- |

(ابوالقاسمی. 1392: 12).

لەکاتێکدا لە هەندێک باری دیکەدا دەنگی (z)، لە هەموو قۆناغەکاندا وەک خۆی ماوەتەوە. وەک ئەم دوو نموونەیەی خوارەوە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| مەرز marz | مرز marz | marz | *marz-a- |

(منصوری. 1384: 52).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| زەوی zawi | زمین zamīn | zamīg | Av.zam- |

(دوست. 1395: 1578).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| نەژاد nažād | نژاد(اصل و نسب) nižād | ——— | *ni-zāti- |

(هەمان سەرچاوە. 2749).

لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە (z)ی قۆناغی کۆن، لە قۆناغی نوێی زمانە ئێرانییەکان(کوردیی، فارسیی)دا بووە بە (ž).

- پیتی (ž)

لە قۆناغی ناوەڕاستی زمانی پەهلەویی ئەشکانیدا، وەک خۆی ماوەتەوە. بەڵام لە پەهلەویی ساسانیدا تەنها لە وشە وەرگیراوەکاندا بوونی هەیە. دەنگی (ž) پاشماوەی (j، č)ی قۆناغی کۆنە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| دژوار dižwār | دشوار dušvār | پەهلەویی ئەشکانیی dižwār<br>فارسیی ناوەڕاست dušwār | Av.duž.x$^{v}$arəθa- |

(ابوالقاسمی. 1392: 13).

لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە (ž)ی قۆناغی کۆن لە زمانی کوردیدا وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە زمانی فارسیدا گۆڕاوە بۆ (š).
لەکاتێکدا لەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا دەنگی (ž) لە هەردو زمانی کوردیی و فارسیدا گۆڕاوە بۆ (z). وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| دۆزەخ dōzax | دوزخ dōzax | Dōšaxv | *dauž-ahva- |
| دز diz | دز duzd | Duzd | Av.duž-dā(y)- |

(دوست. 1395: 1367، 1315).

- پیتی (h)

(h)ی قۆناغی کۆن هەندێکجار لە قۆناغی ناوەڕاستدا وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە قۆناغی نوێدا لەناوچووە.

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| hanĵāmana- | hanzamana | انجمن anjuman | ئەنجومەن anjuman |
| hizvā- | huzvān | زبان zabān | زمان، زوان zimān, zwān |
| vəhrka- | gurg | گرگ gorg | گورگ gorg |

(باقری. 1396: 135). لەهەر یەکێک لەم نموونانەدا دەبینرێت، کە (h)ی قۆناغی کۆن لە قۆناغی نوێدا لەناوچووە.

هەندێکجاریش (h) لە هەریەکێک لە زمانەکانی کوردیی و فارسیدا دەبێت بە (x). وەک:

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| huška- | hušk | خشک xošk | وشک wišk |
| hvard- | hōr | خور(خورشید) xōr | خۆر xōr |

(هەمان سەرچاوە. 135). لەم دوو نموونەیەی سەرەوەدا دەبینرێت (h)ی قۆناغی کۆن لە قۆناغی نوێدا گۆڕاوە بۆ (x). بەڵام بۆ زمانی کوردیی بارودۆخەکە جیاوازە، هەندێکجار بوە بە (x) و هەندێکجاری دیکەیش لەناوچووە. هەندێک جاریش وەک خۆی ماوەتەوە. وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *ā-hanga- | āhang | آهنگ āhang | ئاهەنگ āhang |
| *vahānaka- | vahānak | بهانه bahāna | بەهانە bahāna |

(حسن دوست، محمد. 1395: 548).

- پیتی (š)

هەندێکجار (š) دەگۆڕێت بۆ (s). وەک:

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| *dauštar- | dōst | دوست dōst | دۆست dōst |

(هەمان سەرچاوە .351).

زۆرجاریش (š) وەک خۆی دەمێنێتەوە. بۆنموونە:

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| āviš-kāra- | āškārāka | آشکار āškār | ئاشکرا āškira |

(خانلری. 1395: 346).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| uštra- | uštr | uštur<br>شتر šutur | حوشتر huštir<br>وشتر wištir |

(خالقی مطلق. 1394: 37).

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|
| šiyāta- | šād | شاد šād | شاد šād |

(خانلری. 1395: 346).

لەهەندێک نموونەی زمانی کوردیدا، دەنگی (š) گۆڕاوە بۆ (ž). بۆنموونە:

| ق. کۆن | ق.ناوەڕاست | ق.نوێ (فارسیی) | ق.نوێ (کوردیی) |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەژن bažin | بشن bašn | bašn | baršnu- |

(حسن دوست. 1395: 493).

لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە (š)ی قۆناغی کۆن لە زمانی کوردیدا گۆڕاوە و بووە بە (ž)، لە کاتێکدا لە زمانی فارسیدا وەک خۆی ماوەتەوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا  نەهاتووە.

- پیتی [θ(ث)]

بەزۆریی (θ)ی ئێرانیی کۆن لە قۆناغی ناوەڕاستدا دەبێت بە (h). هەندێکجاریش لە قۆناغی نوێدا بەهەمانشێوەی قۆناغی ناوەڕاست دەمێنێتەوە. نموونەکان زیاتر گۆڕانەکان ڕووندەکەنەوە. لەم نمونەیەدا (θ)ی قۆناغی کۆن لە زمانی فارسیدا بووە بە (h)، بەڵام لە زمانی کوردیدا لەناوچووە. وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| پازدە pāzda<br>پانزە Pānza | پازده pānzdah | pānzdah | *panča-daθa- |

(دوست. 1395: 620).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| پان pan | پهن pahn | pah(a)n | *paθna- |

(هەمان سەرچاوە. 756).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| میهر mihr | مهر mihr | mihr | miθra- |
| ئاگا āgā | آگاه āgāh | āgāh | ākāθa- |

(خانلری. 1395: 348).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| شا šā | شاه šāh | šāh | xšāyaθiya- |

(باقری. 1396: 131).

لەهەریەک لەو نموونانەی سەرەوەدا دەبینرێت، کە (θ)ی قۆناغی کۆن لەزمانی کوردیدا بەیەکجاریی و بەهەمان فۆڕم و دەنگی (ث) لەناوچووە و نەماوە. لە زمانی فارسیدا گۆڕاوە بۆ (h)، لەهەندێک نموونەی زمانی کوردیشدا بەهەمانشێوەی زمانی فارسیی گۆڕاوە بۆ (h).

هەندێکجار (θ) گۆڕاوە بۆ (t). وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| زەردەشت zardašt | زردشت zardošt | zartušt | zaraθuštra- |
| تۆ tō | تو to | tō | θuva- |

(سەرچاوەی پێشوو. 132).

هەندێکجاریش (θ) گۆڕاوە بۆ (s)، وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
|ساڵ sāĺ | سال sāl | sāl | θard- |
| سەد(ژمارە 100). صەد sad | صد sad | sad | θata- |

(خانلری. 347). لەم نموونانەوە دەردەکەوێت، کە (θ)ی ئێرانیی کۆن لە قۆناغی نوێدا گۆڕاوە بۆ (s). لەنموونەی کۆتایدا و لە زمانی کوردیدا دەنگی (s) بەهێز و وزەیەکی زیاترەوە دەخوێنرێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی گۆکردنەکەی دەبێت بە (ص)، بەڵام لەبەرئەوەی پیتی

(ص) لە پێڕەوەی دەنگسازییانەی زمانی کوردیدا یەکێک نییە لەفۆنێمەکان، بۆیە هەر بە (س) دەنووسرێت و ئەو (ص)ە دەبێت بە ئەلۆفۆنی فۆنێمی (س).

- پیتی (s)

ئەم دەنگە زۆرجار لە قۆناغی نوێدا وەک خۆی ماوەتەوە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ستون stun | ستون stūn | stūn | stūna- |

(ابوالقاسمی. 1392: 12).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| مەست mast | مست mast | mast | *masta- |

(مکنزی، دویدنیل. 1390: 105). هەندێک جار (s)ی قۆناغی کۆن لە قۆناغی نوێدا گۆڕاوە بۆ (š)(بەتایبەتیی ئەم جۆرە گۆڕانە زیاتر لە زمانی کوردیدا بەرچاودەکەوێت). وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| پاش "دوا" paš | پس pas | pas | pasā |
| ئاش"لە شێوەزاری گەرمیانیدا بەواتای (خواردن)دێت" āš | آش āš | āš | *āsya- |

(دوست. 1395: 691، 69).

- پیتی (f)

بەهەمانشێوەی دەنگەکانی دیکە کەوتووەتە بەردەم گۆڕانی جیاواز و هەمەجۆرەوە. بۆنموونە (f)ی قۆناغی کۆن لە زمانی کوردیدا گۆڕاوە بۆ (w). لە زمانی فارسیدا یان وەک خۆی ماوەتەوە، یان گۆڕاوە بۆ (h)، یان هەندێک جار جێکەوتەکەی لە دروستە وشەییەکەدا گۆڕاوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با لە نموونەکان بڕوانین:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| کێو kēw | کوه kūh | kōf | kaufa- |

(ابوالقاسمی. 1392: 96، 11).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| کەوش kawš | کفش kafš | kafš | *kafša- |

(مکنزی. 1390: 96).

هەندێکجار (f) لە هەموو قۆناغەکاندا وەک خۆی ماوەتەوە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| فەرمان farmān | فرمان farmān | framāy | *fra-mā-ya- |
| بەفر bafir | برف barf | wafr | Av. vafra- |

(منصوری. 1384: 51).

- پیتی (x)

ئەم دەنگە لە زمانی فارسیدا وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام بارودۆخەکەی لە زمانی کوردیدا جیاوازە. بۆنموونە هەندێکجار گۆڕاوە بۆ (k)، هەندێجاریش لەناوچووە، کەچی هەندێکجاری دیکەش بەهەمانشێوەی زمانی فارسیی، وەک خۆی ماوەتەوە. وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| بەخت baxt | بەخت baxt | baxt | baxta- |
| سوتا suta | سوخت suxt | suxt | θuxta- |

(خانلری. 1395: 349).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| کەر kar | خر xar | xrīn | *xrīnā- |

(منصوری. 52).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ستەم stam | ستم sitam | stahm | *staxma- |

(دوست. 1395: 67). لەم نموونەیەدا لە هەر دوو زمانی کوردیی و فارسیدا لەناوچووە.

- پیتی (m)

ئەم دەنگە لە زۆربەی دەرکەوتنەکانیدا لە هەموو قۆناغەکاندا وەک خۆی ماوەتەوە.

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| مر"ڕەگی (مردن)" mir | مر"مردن" mir | mēr | *mṛ-ya- |

(منصوری. 1384: 53).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| من min | من man | man | mana- |

(ابوالقاسمی. 1392: 44). هەندێکجاریش (m) تەنها لە زمانی کوردیدا گۆڕاوە بۆ (w). وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ناو nāw | نام nām | nām | *nāman- |

(منصوری. 1384: 53).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| داو dāw | دام dām | dām | *dāma- |

(دوست. 1395: 1246).

هەروەها کاتێک دەنگی (m)، لە پێش هەرکام لە (p, d, t, j, g)هاتبێت، ئەوا دەگۆڕێت بۆ (n). وەک لەم نموونەیەدا دەخرێتەڕوو:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| هەنگاو hangāw | هنگام hangām | hangām | *ham-gāma- |

(مطلق. 1394: 433). لەم نموونەیەدا دوو جۆر گۆڕان بەدیدەکرێت:

- (m)ی یەکەم لە قۆناغی نوێدا گۆڕاوە بۆ (n)، بەڵام (m)ی دووەم لە زمانی فارسیدا وەک خۆی ماوەتەوە، کەچی لە زمانی کوردیدا (m)ی دووەمیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بووە بە (w).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ئەنجومەن anjuman | انجمن anjuman | hanjaman | *ham-jamana- |
| ئەنجام anjām | انجام anjām | hanjām | *hama-jāma- |

(دوست. 1395: 282، 283).

- پیتی (n)

ئەم دەنگە زۆرجار وەک خۆی ماوەتەوە. وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| کەن"ڕەگی (کەندن)" kan | کن kan | kan | *kan-a- |
| ناو nāw | نام nām | nām | *nāman- |

(منصوری. 1384: 53).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| دانا dānā | دانا dānā | dānāg | *dānāka- |

(خانلری. 1395: 350).

- پیتی (r)

(r)ی قۆناغی کۆن بەزۆریی وەک خۆی ماوەتەوە. بۆنموونە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ba بە"ڕەگی (بردن)"birdin | bar بر"بردن"burdan | bar- | *bar-a- |

(منصوری. 1384: 53).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| گەرم garm | گرم garm | garm | *garma- |

(مولایی، جنگیز. 1387: 15).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| kird کرد"کردن" | کرد kard | kird | *karta- |

(خانلری. 1395: 349).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| ڕۆژ rōž | روز rūz | rōz | *raučah- |

(خالقی مطلق. 1394: 245). لە هەندێک باریشدا گۆڕاوە بۆ (l)، بۆنموونە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
|ساڵ sāĺ | سال sāl | sāl | θarda- |

(مولایی. 1387: 15).

- پیتی (w) یان (v)

لە فارسیی کۆندا (v=و)

ئەم دەنگە بەزۆریی لە قۆناغی نوێدا گۆڕاوە بۆ (b). بۆنموونە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| بەهار bahār | بهار bahār | wahar | wāhara- |

(ابوالقاسمی. 1392: 13).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| بەفر bafir | برف barf | vafr | *vafra- |
| با bā | باد bād | vāt | *vāta- |
| بێدار bēdār | بیدار bīdār | wigrād | *vi-grāta- |
| بیر bīr | بیر"یاد، حفظ" bīr | wīr | *vīra- |

(دوست. 1395: 452، 352، 562، 564).

دەنگی (w یان و) هەندێکجار دەشگۆڕێت بۆ (g). وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| gaŕē گەڕێ"ڕەگی (گەڕان)"gaŕan | gard گرد"گشتن" | ward | *warta- |

(منصوری. 1384: 53).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| گیان gyān | جان jān | gyān | *vyāna- |

(دوست. 1395: 942).

لەم نموونانەی سەرەوەدا دەبینرێت، کە دەنگی (w یان و)، لە زمانی کوردیدا دەگۆڕێت بۆ (گ g)، بەڵام لە زمانی فارسیدا هەندێکجار گۆڕاوە بۆ (گ g) و هەندێکجاری دیکەیش گۆڕاوە بۆ (j). ئەم دەنگە هەندێکجاری دیکەیش لە قۆناغی نوێدا وەک خۆی ماوەتەوە. بۆنموونە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| باوەڕ bāwaŕ | باور bāvār | wābar | *vāvara- |

(هەمان سەرچاوە. 401). لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە (v)ی سەرەتا لە قۆناغی کۆندا، کاتێک دێتە قۆناغی نوێ، دەگۆڕێت بۆ (b). بەڵام (v)ی ناوەڕاستی وشەکە لە قۆناغی نوێدا وەک خۆی ماوەتەوە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە، لە قۆناغی ناوەڕاستدا (v)ی سەرەتا وەک خۆی ماوەتەوە و (v)ی ناوەڕاستی وشەکە گۆڕاوە بۆ (b).

- پیتی (y)

ئەم دەنگە بەزۆریی لە قۆناغی نوێدا گۆڕاوە بۆ (j). بۆنموونە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| جادو jādū | جادو jādū | jādūg | yātu- |

(خانلری. 1395: 53).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| جەژن jažin | جشن jašn | jašn | *yašna- |

(دوست. 1395: 61).

(y) ئەگەر لە ناوەڕاستی وشەدابێت، لە قۆناغی نوێدا وەک خۆی ماوەتەوە. وەک:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| زیان zyān | زیان zyān | zyān | Av. zyānay |

(ابوالقاسمی. 1392: 13).

هەروەها نیمچە بزوێنەکانی (v, y)، ئەگەر لە تەنیشت بزوێنێک یان بکەونە نێوان دوو بزوێنەوە، ئەوا هەردووکیان دەگۆڕێن بۆ بزوێنێکی سادە. بۆنموونە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ (فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق. کۆن |
|---|---|---|---|
| شەش šaš | شش šeš | Šaš | xšvaš- |
| دوو du | دو dū | dō | dva- |
| شادی šādi | شادی šādī | šādī | šiyāti- |

(باقری. 1396: 138).

نیمچە بزوێنی (ṛ)

لەدوای پیتە نەبزوێنە لێوییەکان لە قۆناغی ناوەڕاستدا گۆڕاوە بۆ ur، ir، لەقۆناغی نوێشدا بەهەمان شێوەی قۆناغی ناوەڕاستە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|
| مرد mird | مرد murd | murd | mṛta- |
| پڕ pir | پر purr | purr | *pṛna- |
| کرد kird | کرد kard | kird | kṛta- |

(ابوالقاسمی.۱۳۹۲: ۷)

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|
| بردن birdin | بردن burden | burtan | *bṛta- |
| بەرز barz | برز(بلندی، قد و قامت) burz | burz | *bṛza- |
| کرم kirm | کرم kirm | kirm | *kṛmi- |

(دوست.1395: 438، 442، 2171)

## هەندێ گۆڕانکاریی دیکەی فۆنێمەکان:

Xš گۆڕاوە بۆ(š) لە قۆناغی نوێدا، واتە کاتێک (x ) لە تەنیشت (š)ەوە هاتبێت، (x) لەناوچووە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|
| ئاشوب āšub | آشوب āšub | āšōb | *āxšanb-a- |

(منصوری.١٣٨٤: ٥٤)

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|
| ڕۆشن rosin | روشن rūšan | rōšn | rauxšna- |

(ناتل خانلری. ١٣٩٥: ٣٥٢)

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|
| شار šār | شهر šahr | šahr | xšaθra- |
| شەو šaw | شب šab | šab | xšap- |

(ابوالقاسمی.۱۳۹۲: ۱۵).

(xt) لەزمانی فارسیدا گۆڕاوە بۆ(ft)، هەروەها لە زمانی کوردیدا گۆڕاوە بۆ(t). واتە(f) لە زمانی کوردیدا لەناوچووە. هەندێکجاریش وەک خۆی ماوەتەوە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|
| جووت jut | جفت juft | Juft | yuxta- |
| بەخت baxt | بخت baxt | baxt | baxta- |

(ناتل خانلری.١٣٩٥: ٣٥٢)

Ft وەک خۆی ماوەتەوە لە زمانی کوردیشدا گۆڕاوە بۆ wt :

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|
| حەوت hawt | هفت haft | haft | *hafta- |
| گوتن gutin | گفتن guftan | guft | *gufta- |

(مطلق. 1394: 358).

xr گۆڕاوە بۆ rx لەقۆناغی نوێدا، هەندێ جار لە زمانی کوردیدا x لەناوچووە:

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|
| سوور Sur | سرخ surx | Suxr | θuxra- |

(ناتل خانلری.١٣٩٥: ٣٥٤).

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| nirx نرخ | nirx نرخ | ............... | *ni-xri- |

(دوست. 1395: 2741).

mr لە قۆناغی نوێدا گۆڕاوە بۆ rm :

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|
| narm نەرم | narm نرم | narm | namra- |

(ناتل خانلری. ۱۳۹۵: ۳۵۵)

zɤ گۆڕاوە بۆ ɤz لە قۆناغی نوێدا :

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|
| maɤz مەغز | maɤz مغز | mazɤ | mazɤa- |

(ناتل خانلری.۱۳۹۵: ۳۵۵)

ad یان at گۆڕاون بۆ ai لە قۆناغی نوێدا :

| ق.نوێ (کوردیی) | ق.نوێ(فارسیی) | ق.ناوەڕاست | ق.کۆن |
|---|---|---|---|
| paik پەیک | paik پیک | payg | *padk- |

(دوست. ۱۳۹۵: ۷۸۳)

## ئەنجامەکان:

1- گۆڕانە دەنگییەکان جیاوازن. بەپێی یاسایەکی جێگیر ڕوونادەن، بەڵکو هەندێکجار زمانی فارسیی و کوردیی وەک یەک هەمان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. هەندێکجاریش گۆڕانەکانیان زۆر لەیەکتر جیاوازن، بۆنموونە یەکێکیان زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کەچی ئەوی دیکەیان یان نەگۆڕاوە، یان زۆر بەکەمیی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

2- بەشێوەیەکی گشتیی هەموو بزوێنانەکانی کۆتایی وشەکانی قۆناغی کۆن، لە زمانی کوردیی و فارسیدا لەناوچوون. تەنها چەند دانەیەکی شاز نەبێت. ئەوانیش وشەکانی (ئەفسانە، مەشکە)ی زمانی کوردیی و (افسانە)ی زمانی فارسین.

3- بەشێکی زۆری وشە فارسییەکانی ئێرانیی نوێ، بەهەمان فۆرم و دروستەی قۆناغی ناوەڕاست ماونەتەوە، لەکاتێکدا لە زمانە دەستەخوشکەکەی فارسیی نوێ(کە کوردییە)، بەئاشکرا هەست بەو گۆڕان و جیاوازییە دەنگییانە دەکرێت، کە ڕوویانداوە. بەمشێوەیە هەمیشە ڕادە و ڕێژەی نزیکیی لەنێوان فارسیی(وەک یەکێک لە نوێنەرەکانی زمانە ئێرانییە نوێیەکان) و قۆناغی ناوەڕاستی زمانە ئێرانییەکاندا زیاترە، وەک لە نێوان کوردیی و قۆناغی ناوەڕاست. بەمشێوەیە زمانی کوردیی زیاتر لە فارسیی لەهەردوو قۆناغی کۆن و ناوەڕاستی زمانە ئێرانییەکان خۆی جیادەکاتەوە.

4- بەوپێیەی زمانی فارسیی نوێ قۆناغی کۆن و ناوەڕاستی دیارە، لەبەرئەوە گۆڕانەکانی فارسیی ناوەڕاست بۆ فارسیی نوێ زۆر کەمە و ئەو دوو زمانە زۆر نزیکن لەیەکترەوە، چونکە فارسیی نوێ، لێکەوتەی فارسیی ناوەڕاستە و فارسیی ناوەڕاستیش لێکەوتەی فارسیی کۆنە، بەڵام لەبەرئەوەی زمانی کوردیی قۆناغەکانی کۆن و ناوەڕاستی دیارنییە، بۆیە گۆڕانە دەنگییەکانی ئەم زمانە هەمەجۆرە، هەندێکجار وەک قۆناغی کۆن ماوەتەوە، هەندێکجاری دیکەیش وەک قۆناغی ناوەڕاست دەمێنێتەوە، زۆربەی جاریش وەک هەریەکێک لە زمانە ئێرانییە نوێیەکان(فارسیی بەنموونە) وشەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

1- زمانی کوردیی:

1- خۆشحاڵی، بێهزاد. (2008)، ***فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان***، چاپخانەی خانی، دهۆک.

2- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا. (2014)، ***دەنگسازی***، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

3- سدیق، فاروق عومەر. (2011)، ***لەدایکبوونی وشە***، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

4- فەتاح، محەمەد مەعروف. (2011)، ***زمانەوانی***. چاپی سێیەم، هەولێر.

5- کەمرێ، بێرنارد. دایەمەند، جێرید. واڵن، دەوگ. هاریسن، ک.دەیڤید. (2007)، ***زمان***، چاپخانەی تیشک، هەولێر.

6- مەحویی، محەمەد.(2008)، ***فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی(فۆنۆلۆژیی)***، بەرگی دووهەم، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

**2- زمانی فارسیی:**

1- ابوالقاسمی، محسن.( 1394)، ***تاریخ مختصر زبان فارسی***، چاپ ششم، تهران، انتشارات طهوری.

2- ابوالقاسمی، محسن.(1392)، ***دستور تاریخی زبان فارسی***، چاپ دهم، تهران، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها(سمت)

3- ادموندز، سیسیل جی.(1367)، ***کردها، ترک ها، عرب ها***، ترجمه: ابراهیم یونسی، تهران، انتشارات امیر کبیر.

4- ارانسکی، یوسیف میخائیلوویچ.(1386) ، ***زبانهای ایرانی***، ترجمه: دکتر علی اشرف صادقی، چاپ دوهم، تهران، انتشارات سخن.

5- آرلاتو، آنتونی.( 1384)، ***درآمدی بر زبانشناسی تاریخی***، ترجمه: دکتر یحیی مدرسی، چاپ دوم، تهران، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

6- آموزگار، ژاله و احمد تفضلی.( 1392)، ***زبان پهلوی و ادبیات و دستور آن***، چاپ هشتم، تهران، انتشارات معین.

7- باقری، مهری.( 1396)، ***تاریخ زبان فارسی***، چاپ بیستم، تهران، نشره قطره.

8- تفضلی، احمد.( 1393)، ***تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام***، چاپ هفتم، تهران، انتشارات سخن.

9- حمه امین، تانیا.( 1395)، ***بررسی ساختمان اسم در گویش سورانی کردی و فارسی میانه***، پایان نامه ای فوق لسانس، رشته ای فرهنگ و زبانهای باستانی ایرانی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه تهران.

10- دوست، محمد حسن.( 1395)، ***فرهنگ ریشه شناختی زبان فارسی***، جلد، 1، 2، 3، 4، 5 تهران، نشر ژیار.

11- رخزادی، علی.( 1390)، ***آواشناسی و دستور زبان کردی***، سنندج، انتشارات کردستان.

12- رضائی باغ بیدی، حسن.( 1388)، ***تاریخ زبانهای ایرانی***، چاپ دوم، تهران، مرکز دائرة المعار ف بزرگ اسلامی(مرکز پژوهشهای ایرانی و اسلامی).

13- رضائی باغ بیدی، حسن.( 1388)، ***راهنمای زبان پارتی***، چاپ دوم، تهران، انتشارات ققنوس.

14- سنندجی، میرزا شکرالله.( 1366)، ***تحفه ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان***، تهران، انتشارات امیر کبیر.

15- فرشیدورد، خسرو.( 1394)، ***دستور مختصر امروز بر پایۀ بانشناسی جدید***، چاپ دوم، تهران، انتشارات سخن.

16- کنت، رولاند.گ. (1391)، ***فارسی باستان(دستور زبان، متون، واژه نامه)***، ترجمه: سعید عریان، تهران، انتشارات علمی.

17- گیوی، حسن احمدی و حسن انوری.( 1394)، ***دستور زبان فارسی***، چاپ چهارم، تهران، انتشارات فاطمی.

18- مطلق، جلال خالقی.( 1394)، ***فرهنگ ریشه شناسی فارسی***، تهران،انتشارات مهر افروز.

19- مکنزی، دیویدنیل.( 1390)، ***فرهنگ کوچک زبان پهلوی***، ترجمه: مهشید میرفخرایی، تهران، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

20- منصوری، یدالله.( 1384)، ***بررسی ریشه شناختی فعلهای زبان پهلوی***، تهران، تهران.

21- مولایی، جنگیز.( 1387)، ***راهنمای زبان فارسی باستان***، چاپ دوم، تهران، نشر مهر نامگ.

22- مینورسکی، ولادیمیر.( 1382)، ***کردها نوادگان مادها***، مترجمان: جلال جلالی زاده و جاماسب کردستانی، سنندج، نشر ژیار.

23- ناتل خانلری، پرویز.( 1395)، ***تاریخ زبان فارسی***، چاپ دهم، تهران، تهران، فرهنگ نشر نو.

24- وفایی، عباسعلی.( 1391)، ***دستور تطبیقی(فارسی-عربی)***، تهران، انتشارات سخن.

3- زمانی ئینگلیزیی:

1- Aitchison, Jean. 2001. ***Language Change, Progress or Decay?*** Third Edition. Cambridge University Press.
2- Croft, William. 2000. ***Explaining Language Change, An Evolutionary Approach***. Longman Linguistics library. England.
3- Frye, Richard N, 2011, ***History of the Persian language in the east.*** (central asia).
4- Hickey, Raymond. 2010. ***Handbook of Pragmatics***. Amesterdam, Philadilphia.
5- Jackson, A.v.w, 2014, ***Avesta Grammar and reader***, Tehran, asatir.

---

عنوان پژوهش: ادراک به تغییرات آوایی در زبانهای ایرانی نو، برای مثال( کردی و فارسی)
تانیا اسماعل حمه‌امین نالی ادهم غریب

کارشناسی ارشد | کارشناسی ارشد
Tanya.hamamin@uoh.edu.iq | nali.gharib@uoh.edu.iq
دانشگاه حلبجه- دانشکده تربیتی شهرزور- رشته زبان و ادبیات کردی

## چکیده

زبانها بازتاب آن شرایط و زمان هستند که آن موقع مورد استفاده قرار گرفتند، زمانها هم مختلف و گوناوگون هستند، به همین دلیل این زبانها در زمانهای مختلف به چندان شیوه و فورم مختلف ظاهر شده اند، از دیرباز زبانها مثل الآن نبودند، تحول اصلیترین و عمده ترین عامل هست برای جداکردن زمانهای زبانی، که به طور کلی و فراوان تمام زمینه ها و جنبه های زبانی در بر میگیرد. چندان مدرک و مثال امروزی و تاریخی در تمام سطحهای زبانی در دست هست، که تاکید برتغییرات زبانی می کند. مانند زبان لاتینی، که تحول آن زبان را به تمام زبانهای اوروپایی تقسیم کرد. همانطور تحول بود که آن زبانها و لهجه ها و گویشها را از سانسکریتی و زبانهای آریایی به وجود آورد. تمام مدرسه ها و تئوریهای زبانشناسی که در زمینه زبانشناسی تاریخی و زبانشناسی جدید کار میکنند به تحولات به طور کلی و به ویژه تحولات آوایی اهمیت دادند. از این رو تحول آوایی و علت آن تحولات، که باعث شده یک زبان از یک زبان دیگر و یک زبان از یک گویش یا یک گویش از یک گویش دیگر جدا کنیم، پی بردن و درک کردن گویشوران هرکدام از این زبانها و گویشها و لهجه ها هست به آن تغییرات "اینجا منظور از تحول آوایی هست" که بر سر آن شیوه های متفاوت زبانها آمده است، همون تغییرات هست، که زبانها و زمانشون از هم جدا میکند. برای مثال تحول آوایی هر کدام از این آواها (ب، و، ف، ڤ) میان زبانهای (کردی و فارسی)، مانند واژه های (آب، ئاو، ئاڤ)، میبینیم، که همینطور تحول آوایی میان گویشهای زبانها وجود دارد "برای مثال گویشهای زبان کردی". در این مبحث تحول آوایی واژه های مشترک هردوو زبان (کردی و فارسی) مورد بررسی قرارمیگیرد. برای تشخیص دادن این تحولات، باید بدانیم این واژه ها در دوره های قبلی چطور بودند. زبانهای ایرانی خانواده ای واحدی را تشکیل میدهند، که از یک اصل مشترک منشعب شده اند. اشتراک واژه ها و اصول ساخت دستوری این زبانها خویشاوندی و تباری آنها نشان میدهد. زبانهای ایرانی شاخه ای از گروه زبانهای (هند و ایرانی)هستند، که خود شاخه عمده ای از زبانهای (هند و اوروپایی)است. زبانهای کردی و فارسی جزء زبانهایی ایرانی نو هستند. زبان کردی از شاخه ای غربی، زبان فارسی هم از شاخه ای جنوب غربی (غرب ایران باستان) هستند. زبانهای ایرانی چندین قرن و شرایط گذراندند و از نظر تاریخی به سه دوره تقسیم شده اند: (دوره باستا، دوره میانه، دوره جدید). در این پژوهش سعی میشود درباره یکی از پدیده های زبانی (تغییرات آوایی) در زبانهای ایرانی نو( برای مثال زبانهایی کردی و فارسی) بررسی شود، به دقیقی تغییرات و علت آن و چگونگی درک کردن گویشوران به آن تغییرات اشاره میشود. برای توجه دقیق و علمی در این پژوهش به جز از چکیده( به زبانهای کردی، فارسی و انگلیسی) و مقدمه و نتیجه گیر، شامل دو فصل هست، هر فصل دو بخش دارد:

فصل اول 1) تغییرات آوایی و زبانهای ایرانی

1/1) تغییرات آوایی

2/1)دوره های زبانهای ایرانی از نظر تاریخی

فصل دو 2): تغییرات آوایی در زبانهای ایرانی نو(کردی و فارسی برای مثال)

1/2) تغییرات مصوتها

2/2) تغییرات صامتها

واژه های کلیدی: زبان، تغییرات، زبانهایی ایرانی، آوا

نتیجه گیری

منابع

---

## Research Title "Cognitive of sound changes in the modern Iranian languages" (Kurdish and Persian as examples)

Researchers:
Tanya Ismael Hama Amin
Assistant lecturer
Nali Adham Gharib
Assistant lecturer

## Abstract

Languages are the reflection of the situation and ages to which they are used. The ages are different and various. Therefore, languages in different ages appear in different forms and figures. Languages in history were not like today. Change is the basic and prominent reason for making differentiations among language ages. The change covers all the fields and aspects of languages in general. There are many old and modern examples which verify language changes. For instance, the changes distribute Latin to the other European languages. In addition, it was the changes which create languages forms, lexicon from Sanskrit and Ari languages. All the old and modern

schools and linguistic theories which are available in linguistics have analyzed the changes and the sound phenomenon in particular.

In this perspective, the reasons and sound changes which makes a language to be different from another language and a lexicon from another lexicon. Feeling and realizing each of the languages, lexicon and etc. to "the changes i.e. the sound changes" which occurs to the form and figures of the users of the languages. More importantly, these changes make differentiation into the languages and the ages. For example, the changes in the sound of (/B/, /U/, /F/, /V/) to each other in the languages of (Kurdish and Persian), such as the words of "Water" in Kurdish and Persian (AB, AW, AV), so in this way we could observe the sound changes in lexicon of these languages. In this paper, the sound changes of both languages (Kurdish and Persian) are designated. For designating these changes, one should know how the words were in Iranian languages.

Iranian languages are one family which is distributed from one root. Additionally, having same words and close grammatical structures of these languages present the race and nationality of these languages. Iranian languages is a branch of the group of (Indo–Iranian) languages which belongs to the (Indo-European) languages. The languages of Kurdish and Persian are the new Iranian languages. Kurdish Language belongs to the branch of west and Persian language to south west (west of great Iran). Iranian languages went through different circumstances and ages and the difference between these ages are indicated as three stages: (Old stage, middle stage and modern stage). In this research, there is an attempt to look at the language phenomenon (sound changes) in the modern Iranian languages (Kurdish and Persian). The changes, reasons and ways of realization of the speakers of these languages to these changes are going to be designated precisely.

For the sake of precise observation and scientific research, the research includes two parts except the abstracts of Kurdish, Persian and English and also the introduction, conclusion and the source lists. In addition, the parts are concluded in these chapters as follows:

**First part 1)** Sound changes and Iranian Languages
**First chapter1/1**) Sound changes
**Second chapter 1/2)** distributing Iranian languages according to the historical stages
**Second part 2)** sound changes in modern Iranian languages (Kurdish & Persian)
**First chapter 2/1)** changes of vowels
**Second chapter 2/2)** changes of consonants

Key words: Language, Change, Iranian languages, Sound.

Conclusions
Source Lists
Abstract of the research in both Kurdish and Persian Languages.